Mitanni Journal

Mitanni Journal

Volume 6 Issue 1 Article8

# The Role of Electronic Newspapers in Introducing the Yazidi Genocide

**Mohammed Karim Ahmed**
College of Humanities, University of Sulaimani, *Kurdistan Region – Iraq*

**Omer Ahmad Ramadan**
College of Media, University of Al-Kitab, *Kurdistan Region - Iraq*

Follow this and additional works at: https://journals.epu.edu.iq/index.php/Mitanni

How to Cite This Article
Mohammed, K.A.Omer,A.R, 2026. The Role of Electronic Newspapers in Introducing the Yazidi Genocide. Mitanni Journal, 6(1), Article 08.

DOI: 10.25156/ptjhss.v6n1y2025.pp117-132
This Original Article is brought to you for free and open access by Mitanni Journal. It has been accepted for inclusion in Mitanni Journal by an authorized editor of Mitanni Journal. For more information, please contact mitanni.j@epu.edu.iq

# The Role of Electronic Newspapers in Introducing the Yazidi Genocide

**AI usage declaration**

The content of this research was not authored using Artificial Intelligence.

**Author contribution**

The authors are responsible for all aspects of this research.

**Ethics information**

This research has adhered to all ethical considerations, and prior informed consent was obtained from the participants.

**Data availability statement**

All data are securely preserved by the researcher in both online and hard copy formats; they are stored and remain accessible by the researcher at all times.

**Funding information**

No specific funding was received for conducting this research, as it is derived from a doctoral dissertation.

**Conflict of interest**

The authors declare that there is absolutely no conflict of interest regarding the publication of this research.

**Acknowledgements**

We would like to thank all the teachers of the departments of media, public relations, sociology, law and politics at Sulaimani University, Salahaddin University, Erbil Polytechnic and Sulaimani University for their assistance in completing the research questionnaire. We would also like to express our gratitude to all those involved in the successful completion of this study.

**Declaration of Originality**

This research is derived from a doctoral dissertation.

**ORIGINAL ARTICLE**

# The Role of Electronic Newspapers in Introducing the Yazidi Genocide

Mohammed Karim Ahmed [1] Omer Ahmad Ramadan[2]

[1] College of Humanities, University of Sulaimani.

[2] College of Media, University of Al-Kitab.

## Abstract:

The main objective and aim of this study, is to identify the role and level of contribution of Kurdish electronic newspapers in Introducing of the crimes of genocide committed against the Yazidis in the Kurdistan Region of Iraq. It also aims to examine the level of professionalism demonstrated by electronic newspapers in covering the Yazidi genocide and to identify their efforts in shaping public opinion regarding this crime.

This study adopts a descriptive research method and employs a survey questionnaire as its primary data collection tool, distributed electronically via Google Forms. The survey was conducted to explore the perspectives of university professors from the departments of Media, Public Relations, Sociology, Law, Political Science, and International Relations at the University of Sulaimani; the departments of Media, Sociology, Law, Political Science, and International Relations at Salahaddin University–Erbil; the departments of Media Technology, Public Relations, and Marketing at Sulaimani Polytechnic University; and the Media Technology Department at Erbil Polytechnic University. The total number of respondents was (203) university professors.

The most significant findings of the study reveal that the majority of respondents rely on social media platforms as their primary source for increasing awareness and obtaining information about the Yazidi genocide, followed by television, and then Kurdish electronic newspapers. Overall, Kurdish electronic newspapers have published essential information related to the process of genocide against the Yazidis and have shown concern for the crime. However, a large number of these newspapers failed to adequately explain the underlying causes and contexts of the genocide, often limiting their coverage to the transmission of news and information without in-depth analysis of the issue.

Furthermore, the findings indicate that some Kurdish electronic newspapers have become effective tools of mass communication in raising awareness of the Yazidi genocide through the publication of images and videos, particularly by certain outlets. In addition, publishing content in multiple languages has contributed to introducing the Yazidi genocide to the global audience. Some Kurdish electronic newspapers have also succeeded in shaping domestic public opinion regarding the genocide committed against the Yazidis.

**Keywords:** Role – Electronic Newspapers – Genocide – Yazidis.

Received 15 December 2025; accepted 05 January 2026.
Available online 08 Mar 2026

* Corresponding author.
E-mail addresses: mohammed.ababakr@univsul.edu.iq

*2710-2173/© 2025, Erbil Polytechnic University. This is an open access article under the CC BY-NC-ND 4.0 Licence (https://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/).*

# ڕۆڵی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان لە ناساندنی جینۆسایدی ئێزیدییەکان

**پووختەی توێژینەوە**

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە زانینی ڕۆڵ و ئاستی ناساندنی تاوانەکانی جینۆساید بەرامبەر ئێزیدییەکان لە باشووری کوردستان لە ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، هەروەها خستنەڕووی ئاستی پیشەییبوونی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان لە ڕووماڵکردنی جینۆسایدی ئێزیدییەکان لە باشوری کوردستاندا و دەستنیشانکردنی هەوڵەکانی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان سەبارەت بە دروستکردنی ڕایگشتی سەبارەت بە جینۆسایدکردنی ئێزیدیییەکان.
ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی (وەسفی)یە ئامرازی ڕاپێووی بەکارهێنراوە، لە ڕێگەی گۆگڵ فۆرمەوە، وەک ئامرازێک بۆ زانینی تێڕوانینی مامۆستایانی زانکۆ.
مشتی توێژینەوەکەش مامۆستایانی بەشەکانی چەند بەشێکی زانکۆکانی سلێمانی، زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر، پۆلیتەکنیکی سلێمانی و پۆلیتەکنیکی هەولێر وەرگیراون و ژمارەیان (203) مامۆستا بووە.
گرنگترین دەرئەنجامەکانیش کە توێژینەوەکە پێیگەیشتووە بریتین لەوەی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشێوەیەکی گشتی زانیاری پێویستییان سەبارەت بە پرۆسەی جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان بڵاوکردۆتەوە و بایەخیان بۆ تاوانەکە هەبووە، بەشێکی زۆر لە ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان هۆکارەکانی پشت جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکانیان ڕوون نەکردۆتەوە، تەنها هەواڵ و زانیارییەکانیان گواستۆتەوە و بە قوڵی نەچوونەتە ناو دۆسیەکە، بەشێك لە ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بوونەتە ئامرازێك لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەریی بۆ ناساندنی جینۆسایدی ئێزیدییەکان، لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆ بەتایبەتی لەلایەن بەشێك لە ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان، هەروەها بڵاوکرنەوەیان بەچەند زمانێك یارمەتیدەر بوون بۆ ئەوەی جینۆسایدی ئێزیدییەکان بە جیهان بناسێنن.

**کلیلە وشەکان:** ڕۆڵ - ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان- جینۆساید – ئێزیدییەکان

**پێشەکیی توێژینەوە:**

ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان لە سەردەمی ئەمڕۆی پێشکەوتنی خێرای زانست و تەکنەلۆژیادا، توانیویانە پانتاییەکی فراوان لەجیهانی نوێدا داگیربکەن و ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لەناساندنی ئەو ڕووداو و کارەساتانەی بەسەر مرۆڤایەتیدا دێن، بەهۆی ئەو ڕۆڵە گەورەیەی دەیگێڕن لە گواستنەوەی هەواڵ وزانیارییە ناوخۆیی، هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بەکەمترین ماوە، لەکاتی هێرشکردنە سەر ئێزیدییەکان و هەوڵی لەناوبردنیان، بە بەردەوامیی جێگەی بایەخی میدیاکان بووە، لە کۆتا جینۆسایدیشدا لەسەردەمی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان گرنگیی زۆریان پێدرا..
لە کوردستاندا بەهۆی بوونی چەندین ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی، لەکاتی هێرشی داعش بۆ سەر ئێزیدییەکان، ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان سات لەدوای سات هەواڵ و زانیارییان لەبارەی هێرشەکان و لەناوبردنی ئێزیدییەکان بڵاودەکردەوە و گرنگی و بایەخی زۆریان بەئێزیدییەکان دا، لە ئەنجامدا هاوولاتیانیش بە گشت چین و توێژەکانەوە پشتیوانی خۆیان بۆ ئێزیدییەکان دەربڕی و تا ڕادەیەك ڕۆژنامەکان توانیان کار لەسەر هەستۆسۆزی هاوولاتیان بکەن و یارمەتی ئێزیدییەکان بدرێت.
ئەم توێژینەوەیە جگە لە پوختە و پێشەکی لە چوار تەوەری سەرەکی پێکهاتووە، لە تەوەری یەکەمدا (میتۆدنامەی توێژینەوە) خراوەتەروو تەوەری دووەم تایبەتە بە ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی و باس لە (چەمك و پێناسەی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی، تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی) کراوە، تەوەری سێیەمیش تایبەتە بە ئێزیدییەکان و جینۆسایدکردنیان و باس لە (چەمك، پێناسە و ناساندنی ئێزیدییەکان، پێناسەی جینۆساید و تاوانەکانی جینۆساید بەرانبەر ئێزیدییەکان) خراوەتەڕوو، کۆتا تەوەریش، تەوەری چوارەمە تایبەتە بە ڕاپێوینامە (فۆرمی ڕاپێوی)، لە چەند خشتەیەکدا ژمارەکان خرواوتەڕوو و شیکاریان بۆ کراوە،
لە کۆتایشدا توێژەران بە چەند دەرئەنجامێك گەیشتوون لە چەند خاڵێکدا گرنگترینان باسکراوە، بۆ ئەوەی زیاتریش کار لەسەر ناوەڕۆکی توێژینەوەکە بکرێت چەند ڕاسپاردە و پێشنیازێك دیاریکراون.

تەوەری یەکەم/- **میتۆدنامەی توێژینەوەکە**

**1-1. ناونیشانی توێژینەوەکە و هۆکاری هەڵبژاردنی مشتەی توێژینەوەکە:**

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بەناوی (ڕۆڵی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان لە ناساندنی جینۆسایدی ئێزیدییەکان) لە ڕێگەی چەندین پرسیار بەدوای بابەخ و گرنگیدا گەڕاوە و هۆکاری بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، تاکو ئێستاکە هەرسێ بواری (ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی، جینۆساید و ئێزیدیی) بەیەکەوە کەمتر کاریان لەسەرکراوە، بۆیە هەوڵدراوە لە ڕێگەی چەندین پرسیار و بەدواداچوون بۆ وەڵامەکانیان توێژینەوەیەکی نوێ بخرێتە بەردەست.

**2-1. گرنگیی و بایەخی توێژینەوەکە:**

**1-2-1. لایەنی زانستیی:** ئەم هەنگاوەش کارکردنێکی زانستییە بۆ پەرەدان بەو هەوڵانەی کە لە ناوەندە زانستیەکان هەن بۆ بوارەکانی ڕاگەیاندن، یاسا، ئایین و مێژوو، هەموو ئەمانە بوونەتە ناونیشانی توێژینەوەیەکی زانستیی، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە توێژینەوە سەبارەت بە جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان بکرێت، بە گەڕانەوە بۆ مێژوو و ئایینی ئێزیدییەکان، ئەمەش گرنگیی زانستی خۆی هەیە.

**2-2-1. لایەنی کردەنیی:** ئەنجام و دەرەنجام و دواتریش ڕاسپاردە و پێشنیارەکانی ئەم توێژینەوەیە سود و بایەخی هەم بۆ بواری ڕاگەیاندن و هەم بۆ بواری زانستی لە کۆمەڵکوژیی ئێزیدییەکان هەیە.

**3-2-1. لایەنی پیشەیی:** ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستییە بۆ باشترکردنی کاری پیشەیی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنیی لە باشوری کوردستاندا، لە ڕووی گەیاندنی پەیام و ڕووماڵکردنی ڕووداو و پێشهاتەکان و تاووتوێکردنی پرس و بابەتە جێبایەخەکان.

**3-1. کێشە و پرسیاری توێژینەوەکە:**

کێشەی سەرەکیی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لە ناڕوونیی ڕۆڵی ڕۆژنامەئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە ناساندنی تاوانەکانی جینۆساید بەرانبەر ئێزیدییەکان، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری کێشەکەش، توێژەر ئەم پرسیارانەی خوارەوە دەخاتەڕوو:

1-3-1. ئایا ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان ڕۆڵیان لە ناساندنی تاوانەکانی جینۆساید بەرانبەر ئێزیدییەکان هەبووە؟

2-3-1. تاچەند ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان توانیویانە تاوانەکانی جینۆساید بەرانبەر ئێزیدییەکان بناسێنن؟

3-3-1. تاچەند ڕووماڵی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان  لە تاوانەکانی جینۆساید بەرامبەر ئێزیدییەکان پیشەییانە بووە؟.

4-3-1. ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان هەوڵیانداوە ڕایگشتی سەبارەت بە جینۆسایدکردنی ئێزیدیی پێکبهێنن؟.

**4-1 ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی، ئامانجی زانستی و بابەتی لەپشتەوەیە، ئەم توێژینەوەیەش ئامانجی زانستیی خۆی هەیە، لە دیارترین ئامانجەکانیشی بریتین لە:

1-4-1. زانین و دیاریکردنی ڕۆڵی ڕۆژنامەئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە ناساندنی تاوانەکانی جینۆساید بەرانبەر ئێزیدییەکان.

2-4-1. زانینی ئاستی ناساندنی تاوانەکانی جینۆساید بەرامبەر ئێزیدییەکان لە باشووری کوردستان لە ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا.

3-4-1. خستنەڕووی ئاستی پیشەییبوونی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان لە ڕووماڵکردنی جینۆسایدی ئێزیدییەکان لە باشوری کوردستاندا.

4-4-1. دەستنیشانکردنی هەوڵەکانی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان سەبارەت بە دروستکردنی ڕایگشتی سەبارەت بە جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان.

**5-1. جۆر و ڕێبازی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفیە، میتۆدی ڕاپێووی بەکارهاتووە، تا بتوانێت لەڕێگەی دووبارەبوونەوە و ڕیزبەندیان شیکاری تەواویان بۆ بکات، ڕێبازی وەسفی بەیەکێك لە دیارترین ڕێبازەکانی توێژینەوەی بواری ڕاگەیاندن دائەنرێت، لەو ڕێگەیەوە توێژەر دەتوانێت ئەو زانیاریانەی دەستی دەکەون پۆلێنیان بکات، شیان بکاتەوە و شرۆڤەشیان بکات.

**6-1. شەشەم: ئامرازەکانی توێژینەوەکە:**

توێژەر بۆ دەستخستنی زانیاریی ڕێگە و ئامرازی ڕاپرسیی (الإستبانە)ی بەکارهێناوە، لە ڕێگەی گۆگڵ فۆڕم، وەک ئامرازێک بۆ زانینی تێڕوانینی مامۆستایانی زانکۆ، بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیاری لە ڕێگەی چەندین پرسیار و بڕگە، کە لە چەند خشتەیەکدا پرسیارەکان خراونەتەڕوو، ژمارەکان لەڕێگەی دووباربوونەوە، ڕێژەی سەدی و ڕیزبەندی شیکاریی وردیان بۆ کراوە.

**7-1. کۆمەڵ و مشتی توێژینەوەکە:**

سەبارەت بە مشتی توێژینەوەکە مامۆستایانی زانکۆ بەشێوەی ناهەڕەمەکی مەبەستدار دیاریکراوە، هەریەکە لە مامۆستایانی بەشەکانی (ڕاگەیاندن، پەیوەندییە گشتییەکان، کۆمەڵناسی، یاسا، زانستە سیاسییەکان و سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی) زانکۆی سلێمانی، بەشەکانی (ڕاگەیاندن، کۆمەڵناسی، یاسا و زانستە سیاسییەکان و سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان)ی زانکۆی سەڵاحەددین/ هەولێر، بەشەکانی (تەکنیکی میدیا و پەیوەندییە گشتییەکان و بازارگەری)ی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی و بەشی تەکنیکی میدیای زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر وەرگیراون، هەریەکە لەم بەشانە لەڕووی جوگرافییەوە بەسەر دوو گەورەترین شاری هەرێمی کوردستاندا دابەشکراون و بەشەکان و زانکۆکانیش لەیەکەوە نزیکن. ژمارەی مشتی توێژینەوەکە (438) مامۆستایە و لەکۆی ئەو ژمارەیە (203) فۆڕمیان پڕکردۆتەوە.

**8-1. سنووری توێژینەوەکە:**

سنوری توێژینەوەکە بەسەر چوار بواری جیاوازدا دابەشبوە:

**1-8-1. بواری مرۆیی:** مامۆستایانی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە.

**2-8-1. بواری کات:** خۆی لە ڕێوشوێنی کردەنیدا دەبینێتەوە لەدابەشکردنی فۆڕم و وەرگرتنەوەیان، وەرگرتنی زانیارییەکان لە (2025/4/20 تا 2025/7/24).

**3-8-1. بواری شوێن:** شوێنی توێژینەوەکە باشووری کوردستانە.

**9-1. دروستیی و جێگیریی ئامرازی توێژینەوەکە:**

1-9-1. بە مەبەستی دڵنیابون لە کارایی ڕاپرسییەکە و گونجانی لەگەڵ بابەتی توێژینەوەکەدا، بە پشتبەستن بە ڕواڵەتەدروستی (الصدق الظاهری)، فۆرمەکەی خستەبەردەست ژمارەیەك لە شارەزاو پسپۆڕانی بواری ڕاگەیاندن لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، سەرنج و

تێبینیەکانی شارەزایان و پسپۆران بەهەند وەرگیرا، گۆڕانکارییە پێویستەکان ڕەچاوکران بە جۆرێك ڕێژەی ڕاستی (الصدق) بوو بە (88.7٪)، لەڕێگەی بەکارهێنانی هاوکێشەی هۆڵستییەوە بەم شێوەیەی خوارە:

ڕاســتی فۆرمەکە = ژمارەی برگەوپرســیارە پەســەندکراوەکان ÷ ژمارەی گشــتیی برگەکان × ١٠٠ = 173 ÷ 195 × ١٠٠ = 88.7٪ ، لە خشتەی (1)دا زانیاری زیاتر خراوەتە ڕوو.

| خشتەی (1): خستنە رووی نیشاندانی ڕێژەی دروستی ڕواڵەتی فۆرمی ڕاپرسی | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژ | ناوی هەڵسەنگێنەران | پسپۆری | زانکۆ | جیاوازی | هاوبەش | ڕێژەی جیایی | ڕێژەی ڕاستگۆیی |
| . | پ. د. سەلام نەسرەددین محەمەد | راگەیاندن | سلێمانی | 4 | 35 | ٪10.3 | ٪89.٧ |
| . | پ. ی. د. باقر داود حسێن | راگەیاندن | پۆلیتکەنیکی سلێمانی | 4 | 35 | ٪10.3 | ٪89.٧ |
| . | پ. ی. د. عەبدولخالق ئیبراهیم مستەفا | راگەیاندن | پۆلیتکەنیکی هەولێر | 6 | 33 | ٪15.٤ | ٪84.6 |
| . | پ. ی. د. بەرهەم خالید ئەحمەد | راگەیاندن | سلێمانی | 5 | 34 | ٪12.8 | ٪87.2 |
| . | پ. ی. د. ڕۆزە حمەوەیس حەمەمیرزا | راگەیاندن | سلێمانی | 3 | 36 | ٪7.7 | ٪92.3 |
| کۆی گشتی | | | | 22 | 173 | ٪١١.٣ | ٪88.7 |

**1-9-2. جێگیریی:** بەمەبەستی زانینی ڕێژەی جێگریی، دوای (15) ڕۆژ لەدابەشکردن و وەرگرتنەوەی وەڵامەکان فۆڕمەکانی بەسەر (١٠٪)ی مشتەکەدا دابەشکردەوە، بۆ ئەم مەبەستە (44) فۆڕم دابەشکرانەوە بەسەر(44)کەسی دیاریکراو، هەر لەڕێگەی هاوکێشەی هۆڵستییەوە: جێگیریی (کۆی برگە لێکچووەکانی جاری یەکەم و دووەم ÷ کۆی برگەکانی جاری یەکەم و دووەم) x ١٠٠ = (1520 ÷1716)x ١٠٠= (88.6٪)

**1-10. ئاستەنگەکانی بەردەم توێژینەوەکە:**

بەشێوەیەکی گشتی توێژینەوەکە لە سەرەتاوە تا کۆتایی کارەکانی ڕووبەڕووی چەند گرفتێکی بنەڕەتی و کاریگەر بۆتەوە:

1-10-1. تازەیی بابەتەکە وەک بابەتێکی زانستی کە لەنێوان سێ لقی زانستی سەربەخۆدا خۆی دەبینیتەوە، پێکهاتووە لە ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی، جینۆساید و ئێزیدییەکان، هەموو ئەمانە بەجیا سەرچاوەی پێویستیان هەیە، بەڵام جیا دەکرێنەوە بەتایبەتی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی و پەیوەندی بەهەردوو بوارەکەی تر زۆر کەمە.

1-10-2. بەدەنگەوەنەهاتنی مشتی توێژینەوەکە بۆ پڕکردنەوەی فۆڕمەکان، توێژەر چەندین هەنگاوی بۆ گرتۆتەبەر.

**1-11. توێژینەوەکانی پێشوو:**

توێژەر دوای گەڕان بەدوای سەرچاوە زانستییەکان بۆ دیاریکردنی توێژینەوەکانی پێشوو، لەهەمان بواری ئێمە یان نزیك ئەنجامدراوە، توێژینەوەکان بەم شێوەیە دابەش دەکەین:

**1-11-1. توێژینەوەی (پ. ی. د. کارزان محەمەد ئەحمەد) بەناونیشانی (ڕەنگدانەوەی جینۆسایدی کیمیابارانی هەڵەبجە لە ڕۆژنامەگەری ئێرانیدا ڕۆژنامەی (کیهان) نمونە)**

ئەم توێژینەوەیە تاوتوێی ئاستی بایەخ و چۆنییەتی ڕوومانی کیمیابارانی هەڵەبجەی لە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی پڕتیراژ و بەئەزموونی فارسیدا کردووە، چۆن بە ڕێگەی میدیای نوسراوەوە ڕوومانی دۆسیەکانی جینۆسایدی کوردیان کردووە، پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لەوەی ئایا تاچەند ڕۆژنامەگەریی ئێرانی بایەخیان بە جینۆسایدی هەڵەبجە داوە؟، **میتۆدی** ئەم توێژینەوە جۆرییە و بەپشتبەستن بە میتۆدی ناخشیکاری، لە ڕۆژانی (20ی ئازار-20ی نیسانی 1988ز) (1ی ئاب تا 31ی تشرینی دووەمی ساڵی 2014) بۆ توێژینەوەکە دەستنیشانکراوە، سودیشی لە شێوازەکانی (چاوپێکەوتن) و (ڕێگای تێبینیکردن)یش وەرگرتووە، توێژەر کۆمەڵێك ئامانجی دیاریکردووە، لەوانە، زانینی ئاستی بایەخدانی ڕۆژنامەی کیهان بە جینۆسایدی کیمیابارانی هەڵەبجە بە ژمارە و داتا، هەروەها خستنەڕووی سەرجەم ئەو ژانرە ڕۆژنامەگەرییانەی لەم ڕۆژنامەیەدا تایبەتن بە جینۆسایدی هەڵەبجەن، توێژەر لەم توێژینەوەیەدا بە چەند ئەنجامێك گەیشتووە بەوەی ئەم کارەساتە دەچێتە خانەی جینۆسایدەوە، ڕۆژنامەی (کیهان)، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە ڕوومانی بەردەوامی جینۆسایدی هەڵەبجە و یەکەمین ڕۆژنامەی فەرمییە، بەشێوەیەکی مەیدانی ڕوومانی جینۆسایدی هەڵەبجەی کردووە، هەروەها لە هەموو ڕەهەندەکانەوە، لە سەرجەم لاپەڕەکاندا بابەت و هەواڵ و وێنەی بۆ ماوەی یەك مانگ لەبارەی جینۆسایدی هەڵەبجەوە بڵاوکردۆتەوە. (ئەحمەد، 2022، 15-40)

**1-11-2. توێژینەوەی (جنار نامق حسن) بە ناونیشانی (ڕۆڵی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە درووستکردنی ڕایگشتی سەبارەت**

**بە پێشێبکردنی مافی ئێزیدییەکان پێگەی خەندان و روداو بە نمونە)**

ئەم توێژینەوەیە پەیوەستە بەڕۆڵی میدیای نوێ لە گواستنەوەی ڕووداوەکان بۆ وەگر، هەروەها بایەخی میدیای نوێ لە دروستکردنی ڕایگشتیدا سەبارەت بە مافی ئێزیدییەکان، لە گرنگترین پرسیارەکانی ئەم توێژینەوەیە هاتووە، ئایا پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بەشداریان کردووە لە پێکهێنانی ڕایگشتی سەبارەت بە پێشێلکدرنی مافی ئێزیدییەکان، هەروەها کام پێگەی کوردی زیاتر کاریگەری هەبووە لەسەر درووستکردنی ڕایگشتی سەبارەت بەپێشێلکردنی مافی ئێزیدییەکان، کام ژانری ڕۆژنامەوانی زیاتر لەکارهێنراوە لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بۆ پیشاندانی پێشێلکاری بەرانبەر مافی ئێزیدییەکان، ئەم توێژینەوەیە لە جۆری وەسفییە و پشتی بەستووە بەڕێبازی (ڕوپێوی، شیکاری و مێژوویی)، بۆ لایەنی مەیدانیەکەشی توێژەر پشتی بە فۆڕمی ڕاپێوی بەستووە، ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکەش بریتیە لە ڕۆڵی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە بەشداریکردنی پێکهێنانی ڕایگشتی سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی ئێزیدییەکان، زانینی بایەخی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە پێدانی زانیاری هەواڵی سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی ئێزیدییەکان، هەروەها ڕادەی بەشداری پێگەی ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە پێکهێنانی ڕایگشتی سەبارەت بەم بابەتە.

لە گرنگترین **دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە:** دەرکەوت پێگەی خەندان بەپلەی یەکەم گرنگی بەهەواڵ داوە، دواتر ڕاپۆرت بە پلەی دووەم سەبارەت بە پێشێلکاری مافی ئێزیدییەکان، ڕوداو بە پلەی یەکەم بە پێچەوانەوە بە پلەی یەکەم گرنگی بە ڕاپۆرت داوە ئینجا هەواڵ، بەپێی ئەنجامەکان خەندان و ڕوداویش بایەخیان بە وێنە و ڤیدیۆ داوە بۆ پیشاندانی بابەتەکە، بەڵام ڕوداو زیاتر، هەردوو پێگەکە زیاتر کاریان بەزمانی کوردی کردووە بۆ ڕوماڵی بابەتەکە، هەردوو پێگەکە گرنگیان نەداوە بە چاوپێکەوتن و گفتوگۆ و وتار لەم ماوەیەی توێژینەوەکەی تێدا ئەنجامدراوە، پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بەشدرایان کردووە لە گۆڕینی بۆچوونی جەماوەر سەبارەت بە ئێزیدییەکان و هاوسۆزبوون لەگەڵیان. (حسن، 2020).

**1-11-3. توێژینەوەی (پ. ی. د. حەبیب ئیبراهیم ئیبراهیم) بە ناونیشانی (جینۆساید دژی ئێزیدییەکان لە ڕووماڵی میدیاکانی ئەڵمانیا ٢٠١٤ – ٢٠٢١)**

ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت لە ڕێگەی دوو میدیای بەناوبانگی ئەڵمانیا، یەکێکیان تەلەڤزیۆنە و ئەوەی تریان گۆڤارە، بگات بەوەی، ئایا چۆن میدیای ئەڵمانیا ڕوماڵی جینۆسایدی ئێزیدییەکانی کردووە، پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لەوەی، ئایا مییداکانی ئەڵمانیا چۆن ڕوماڵی جینۆسایدی ئێزیدییەکانیان کردووە، لە نێوان ساڵانی 2014 بۆ 2021، ئەم توێژینەوەیە بە میتۆدی وەسفی و شیکاری ناوەڕۆك ئەنجامدراوە، توێژەر گۆڤاری (Der Spiegel magazine) و تەلەڤزیۆنی (Tagesschau 24 TV channel) وەکو نمونە وەرگرتووە، ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی ڕۆڵی مییداکانی ئەڵمانیا لە ڕوماڵی جینۆسایدی ئێزیدییەکانیان هەروەها دیاریکردنی سیاسەت و فەلسەفەی پشت ڕوماڵکردنەکان بۆ درووستکردنی ڕایگشتی سەبارەت بە پرسەکە، لە گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەریدەخات، تەلەڤزیۆنەکە لە (85٪) بابەتەکانی لەڕێگەی چاوپێکەوتن و هەواڵ و ڕوماڵکردنی ڕووداوەکە بڵاوکردۆتە بەیتابەتی لەگەڵ کەسانی ئاینی و قوربانیانی جینۆسایدی ئێزیدییەکان، لەبەرامبەردا گۆڤارەکە زیاتر گرنگی داوە بە وێنە و ناونیشانی سەرنج ڕاکێش، وەکو توندرەوەکان هێرشیان کردە سەر ئێزیدییەکان، لە (68٪) ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنییەکە تایبەت کراوە بە پێدانی زانیاری سەبارەت بە کەمایەتی ئێزیدیی لە عێراق و سوریا، هەروەها لە گۆڤارەکەدا گرنیگدراوە بە ڕۆڵی ئەمریکا و ئەوروپا بۆ لەناوبردنی داعش لە ناوچەی ئێزیدییەکان، هەردووکیان بەشێوەیەکی بەردەوام هەواڵ و زانیاریان لەسەر ئێزیدییەکان بڵاوکردۆتەوە، لە ئەنجامەکاندا دەریدەخات، لە ڕۆژانی سەرەتای هێرشەکە ڕاپۆرتەکانی هەردوو میدیا کەمی زانیاریان هەیە لەسەر ڕووداوەکە. (Ibrahim, 2022, 655-667)

**1-14. سوودوەرگرتنی توێژەر لە توێژینەوەکانی پێشوو:**

توێژینەوەی هاوشێوە، یاخود نزیکی، گرنگی و بایەخی زۆریان هەیە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە، توێژەر دوای گەڕانی زۆر لە ڕێگەی ئینتەرنێت و پرسیار و ڕاوێژ بە هاوڕێ و هاوکارانی زانکۆ دەستی گەیشت بە (3) توێژینەوەی پێشوو، کە بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی ئەنجامدرابوون، هەرچەندەدە هەوڵی زۆریشدرا بۆ ئەو توێژینەوانەی بە زمانی فارسی نوسراون، بەڵام بەهۆی ئەوەی لەڕێگەی ئینتەرنێت بەشێکی کەمی لەبەردەستدا بوو، بەشەکەی تر پێویستی بەڕەزامەندی و کڕین بوو، بۆیە توێژینەوە فارسیەکانمان وەلا نا، بەتایبەتیشی دوای ئەوەی دەستمان بە (10) توێژینەوە گەیشت.

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر لە چەند ڕویەکەوە سوودی لەم توێژینەوانە وەگرتووە، بەم شێوەیە:

1-14-1. سوودوەرگرتن لە میتۆدی توێژینەوەکان و خوێندنەوەی ورد بۆ بەکارهێنانی میتۆدی هەرەیەکێکیان و بەراوردکردنیان لەگەڵ میتۆدی ئەم توێژینەوەیە.

1-14-2. گرنگیدان بە پرسیاری سەرەکی و پرسیارە لاوەکییەکانی توێژینەوەکان، بۆئەوەی بزانرێت، چەندە لەلایەکەوە نزیکن، یاخود دوورن.

1-14-3. سوودوەرگرتن بۆ گەڵاڵەکردنی کێشەی توێژینەوە لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکانی تر پێیگەیشتوون.

1-14-4. سوودوەگرتن لە ئامرازی توێژینەوەکان و پرسیارەکانی فۆڕمی ڕاپرسی و پەیبردن بە پرسیارەکانی پەیوەستدار بە ڕۆژنامە ئەلکترۆنییەکان و چەمکی جینۆساید لەناو ئێزیدییەکاندا.

1-14-5. سوود وەرگرتن لەناوەڕۆکی هەریەکێکیان بۆ داڕشتنی بەشەکانی توێژینەوەکە.

1-14-6. توێژەر توانیویەتی لەم توێژینەوانەدا دەستی بە چەندین سەرچاوەی زانستی بگات، کە بەکارهێنراون بۆ لایەنی تیۆری.

**1-15. دیارییکردنی چەمک و زاراوەکانی توێژینەوەکە:**

له وردبونەوە لە ناونیشانی توێژینەوەکە، چەند چەمک و زاراوەیەکی سەرەکی بەکارهاتووە، ئەمانەن:

**ڕۆڵ:** مەبەستمان دیاریکردنی ڕۆڵی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکانە، تا چەند ڕۆڵیان هەبووە لە ناساندنی جینۆسایدیکردنی ئێزیدییەکان لەڕێگەی مامۆستایانی زانکۆ و شارەزایانی بواری جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان.

**ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان:** ئەو ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردیانەیە، کە لە ڕێگەیەوە ناوەڕۆکێکی ئەلیکترۆنی پشت بەستن بە ئینتەرنێت بڵاودەکرێتەوە و خۆی لە هەواڵ و بابەت و وتار و ژانرە ڕۆژنامەنووسیەکانی دیکەدا دەبینێتەوە جا لەکاتێکی دیاریکراودا بێت یان دیارینەکراو بڵاوبکرێتەوە.

**جینۆساید:** یان کۆمەڵکوژیی مەبەستی سەرەکیمانە، وەکو تاوانێکی نێودەوڵەتی دەرهەق بە ئێزیدییەکان کراوە، بەهۆیەوە ژمارەیەکی زۆر لە ئێزیدییەکان بوونە قوربانی.

**ئێزیدییەکان:** ئەوکوردە ڕەسانەنان، بە شێوەزاری کرمانجی قسەدەکەن، لە هەرێمی کوردستان، بە شێوەیەکی سەرەکی لە پارێزگاکانی دهۆك و نەینەوا و نیشتەجێن.

## 2. ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی

### 1-2. چەمك و پێناسەی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی

ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی لەم ساڵانەی دواییدا دەورێکی کاریگەریی بینیووە لە گۆڕینی سیستەمی میدیایی لە ئاستی نێودەوڵەتی، هەر ئەمەش وایکردووە توێژەران بە بایەخەوە لێیبڕوانن و چەندین پێناسەی جۆراو جۆریان بۆ کردووە، بەشێکی زۆری ئەم پێناسانە لە یەکترییەوە نزیك یاخود تەواوکەری یەکترین، بەوە پێناسە دەکرێت، بەشێوەی ئۆنلاین لە ڕێی ئینتەرنێتەوە بڵاودەکرێتەوە، جا دەکرێت ڕۆژنامەکە کۆپیەکی ئۆنلاین وکۆپیەکی چاپکراویشی لێدەربچێت، تیایدا دەتوانرێت هەواڵی بەپەلە بڵاوبکرێتەوە (Kevin, 2003, 4)، یان بریتیە لە ئەو بابەتە بڵاوکراوەیەی لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتی جیهانی یان هاوشێوەکانی بڵاودەکرێتەوە، چ بەشێوەی لەبەرگرتنەوەی بەشێوەی (PDF) یان هەرخۆی ڕۆژنامەکە بە ئەلیکترۆنی دەردەچێت، دەکرێت ڕۆژنامەیەکی تایبەتمەندبێت یاخود گشتی بێت، هەروەها دەکرێت کۆپیەکی تەواوی چاپکراوەکە بێت یاخود پوختەیەکی ڕۆژنامە چاپکراوە بێت. (مسعودان و غروبة, 2018, 60).

بریتییە لەو ڕۆژنامە ناکاغەزیەکان، لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاودەکرێنەوە و خوێنەر هەڵدەستێت بە سەیرکردن و خوێندنەوەی لاپەڕەکان و گەڕان بەناویدا، زەخیرەکردنی ئەو بابەتانەی پێویستیەتی و چاپکردنی ئەو بابەتانەی ئارەزووی چاپیان دەکات (ئیبراهیم و ڕەحمان، 2010، 267)، لە پێناسەیەکی تردا هاتووە، ناوەڕۆکێکی هەواڵ و زانیارییە و لەسەر ئینتەرنێت و جیهانی دیجیتاڵی بەردەستە، بەهەمانشێوە ئێستا ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی ئەلیکترۆنی ئینتەرنێتی بوونیان هەیە. (Güngör, 2019, 209.).

لەکۆی ئەم پێناسانە دەگەین بەوەی، ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی چەند ناوێکی بۆ داتاشراوە وەکو (ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی، ڕۆژنامەی ئۆنلاین، ڕۆژنامەی ئینتەرنێتی، ڕۆژنامەی کارلێکی، ڕۆژنامەی دیجیتاڵی، میدیای نوێ، ڕۆژنامەی ناکاغەزی و چەندین ناوی تر)، هەموو ئەم ناوانە ئەوە دەگەیەنن، ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی بریتییە لەو ڕۆژنامەیەی، لەڕێگەی بەکارهێنانی ئینتەرنێتەوە هەواڵ و زانیارییەکان زۆر بەخێرایی و هەر ئێستایی بۆ وەرگران دەگوازنەوە و چیتر وەرگران چاوەڕوانی ڕۆژهەڵاتن ناکەن بۆ ئەوەی لەسەر لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەی چاپکراودا هەواڵەکانی ڕۆژ یان شەوی پێشوو بزانن، بەڵکو لەگەڵ زانینی هەواڵی تازەدا سات بەسات ئاگاداری دواگۆڕانکارییەکان دەبن و بەردەوام لەسەر یەك هەواڵ زانیاری نوێ وەردەگرن و زۆر بە ئاسانیش زانیارییەکان نوێ دەکرێنەوە، ئامانجی ئاسانکارییە لە پەیوەندیکردن و زیادکردنی کارلێکییە.

### 2-2. تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی

ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی بەهۆی ئەو تایبەتمەندییانەی هەیەتی چەندین خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات، ئەمانە بەشێکن لەو خزمەتگوزارییانە:

**1-2-2. کارلێکی:** وەرگر دەتوانێت لەهەمانکاتدا بۆچوون و سەرنجی خۆی سەبارەت بە ئەو بابەتە میدیایە بخاتەڕوو لەلایەن نێرەوە ئاراستەیکراوە، ئەمە لە ڕۆژنامەی چاپکراودا بەردەست نەبوو، (حسنین، 2011، 20-21) زۆرجار سەرنجەکانی وەرگر بووەتە هۆی ڕاستکردنەوەی هەواڵ و زانیارییەکان یاخود دووبارە دارشتنەوەیان.

**2-2-2. فراوانی ئازادی:** ئامرازەکانی ڕۆژنامەوانی چاپکراو بە سروشتی خۆیان دەکەونە ژێر یاسا و کۆنترۆڵی حکومەتەکانەوە، ئەمەش وادەکات ناوەڕۆك بابەتەکانیان بەردەوام لەژێر سانسۆردا بێت، بەڵام ئەو یاسا و ڕێسایە کەمتر ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی دەگرێتەوە بەهۆی پابەند نەبوونیان بە کات و شوێنەوە (شقرة، 2014، 56)، بەمەش لە ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنیدا ئازادی بڵاوکردنەوە زیاترە و ترسی بڵاوکردنەوەش کەمترە.

**3-2-2. مەڵتی میدیا:** لەم ڕێگەیەوە تەنها کەسێك دەتوانرێت بەیەك ئامێر هەم تەلەفۆن بەکاربهێنێت، هەروەها ببێتە وەرگری سینەما و تەلەڤزیۆن و بەشیوەیەکی کارلێکی، هەروەها دەتوانێت لەهەمانکاتدا پەیام بنێرێت و وەریشیبگرێت (أبو أصبع, 2005، 215)، بەمەش یارمەتی وەرگر دەدات لە ڕێگەی دەنگ، ڕەنگ و وێنە بە وێنەی جوڵاویشەوە هاوکاری نێرەر بێت بۆ ئەوەی ڕووداو و زانیارییەکان وەك خۆی بگەیەنێت.

**2-2-4. خێرایی بڵاوبوونەوە:** ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی توانیویەتی کات کورت بکاتەوە و زۆر بەخێرایی و دەستبەجێ هەواڵ و زانیاری و بەدواداچوونەکان بگوازێتەوە و ئاراستەی خوێنەر بکات بە کەمتر لە (30) چرکە لە دوای ڕوودانی ڕووداوەکە، هەروەکچۆن لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆندا بوونی هەیە، هەروەها بەخێرایش دەتوانرێت بەئاسانی دەستکاری زانیارییەکان دەکرێت و گۆڕانکاریان تێدا دەکرێت، وابەستەبوون بەکات و شوێنەوە بەتەواوەتی کاڵ دەبێتەوە، بەجۆرێك خوێنەر دەتوانێت بەخێرایی زانیارییەکان وەرگرێت و پێویستی بە چاوەڕوانی ناکات ڕۆژنامەی بگاتەدەست (البياتي, 2014, 182)، بەهۆی ئەوەی هەزاران پێگە و سایتی ئەلیکترۆنی ڕۆژانە بەبەردەوامی و بەخۆڕایی هەواڵ و زانیارییەکان بۆ وەرگران فەراهەم دەکات، لەکێبڕکێدان لە خێرایی بڵاوکردنەوەدا بۆ ئەوەی پەیوەندییان لەگەڵ خوێنەراندا بەردەوام بێت.

**2-2-5. ئاسانکاری نوێکردنەوە:** لە ڕۆژنامەیەکی چاپکراوی ڕۆژانە ڕۆژێکی تەواو پێویستە بۆ نوێکردنەوە یان ڕاستکردنەوەی هەندێک لە زانیارییەکانی، یان لە باشترین حاڵەتدا، پێویستی بە چاپێکی دیکە هەیە لە هەمانڕۆژدا، بەڵام لە ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنیدا، ئەمە تەنها چەند خولەکێک یان چرکەیەکی دەوێت بۆ گۆڕینی بابەتە کۆنەکان بە بابەتی نوێ، یان باشترکردنیان یان زیادکردنی بۆی بەپێی ڕووداوەکانی ئەوکاتە (أمين، 2015، 95).

**2-2-6. ئەرشیفکردن:** لە ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنیدا دەستەبەرکردنی ئەرشیفێکی ئەلیکترۆنی بۆ خوێنەر بەردەستە، بەجۆرێك گەڕانەوەی بۆی ئاسانبێت و بتوانێت بە ئاسانی ژمارەکانی پێشوو ببینێت (اسماعيل، 2014، 61).

**2-2-7. ڕووبەری جوگرافی:** لە ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنیدا دەتوانرێت لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە پەیامەکان بگەیەنرێتە سەرانسەری جیهان و زۆرترین خوێنەر بیان بینێت، بەپێچەوانەی ڕۆژنامەی چاپکراو، وابەستەی سنورێکی جوگرافی دیاریکراوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی زۆربەی ڕۆژنامە چاپکراوەکان بەرەو ئەلیکترۆنی بوون هەنگاو بنێن (الفيصل, 2006, 117).

**3. ئێزیدییەکان و جینۆسایدکردنیان**

**3-1. چەمك، پێناسە و ناساندنی ئێزیدییەکان**

ئێزیدییەکان سەرنجی زۆری گەریدە و مێژوونووسەکانیان بۆخۆیان ڕاکێشاوە، بۆ ئەوەی نووسینیان لەبارەوە بنووسن و باسیانبکەن، ئەمەش لە ئەنجامی بیروباوەڕەکانیان بووە (نوسەرێکی نەناسراو، 2013، 6)، بەشێك لە توێژەران ئێزیدییەکان دەبەستنەوە بە دووەمین خەلیفەی ئەمەوی موسڵمانان یەزیدی کوڕی موعاویە (683/647)، ئەویش لە زمانی سەمعانی زانای موسڵمانی عەرەب (1166/1113)، زۆر شوێن گەڕاوە و سەردانەکانی یادداشت کردووە باس لە کۆمەڵێك خەڵك دەکات، لە چیاکانی حلوانی عێراق و دەوروبەری بە هەژاری ژیاون و بە دەگمەن لەگەڵ خەڵک تێکەڵ بوونە و ڕۆژانی هەینی بۆ نوێژکردن سەردانی مزگەوتیان کردووە خواردنی حەڵاڵیان خواردووە و باوەڕیان بە یەزیدی کوڕی موعاویە هەبووە و بە ئیمامی خۆیان زانیووە (السمعاني، 1988، 693).

ئەم بۆچوونە لەلای ئێزیدییەکان خۆشیان و زۆرێك لە نوسەران ڕەتکراوەتەوە، تاکو ئێستاکە زۆر کەس ئەو بۆچوونە دووبارە دەکاتەوە، چونکە ناوهێنانی ئێزیدییەکان بە یەزید لەلایەن عەرەبەکانەوە بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی ئەم ئایینە لە کورد دابڕن و بیگەڕێنەوە سەر ڕەچەڵەکی عەرەب، لەکاتێکدا لە مێژوودا هەر بە ئێزیدی ناسراون و کوردی ڕەسەنن و دوورن لە ڕەچەڵەکی عەرەب (ئەلیوسف، 2012، 9-10). بەهۆی چەند لێکچونێکەوە بەشێك لە توێژەران ئێزیدییەکان دەبنەوە سەر ئاشوورییەکان، بەڵگەش بۆ ئەوە دەهێننەوە، ژنانی ئێزیدیی قژیان ئەستوور و درێژە و پیاوەکانیشان ڕیشێکی زۆر و ئەستووریان هەیە، بۆیە ئێزیدییەکان بە بە ئاشوورییەکانەوە دەبەستێتەوە، کە بەزۆری پەیکەرەکانیی ئاشوورییەکان بە هەمانشێوە دەبینن (الدملوجي, 1949, 171).

لەکۆی هەموو ئەم ناساندنانە بۆماندەردەکەوێت، ئێزیدییەکان کەمینەیەکی دیار و ڕەسەنی کوردین، بەدرێژایی مێژوو ناسراون و ڕووبەڕووی جینۆساید و کۆمەڵکوژی زۆر بونەتەوە، بەڵام توانیویانە بەرگری لەمانەوەی خۆیان بکەن و کوردبوونی خۆیان بە ئاشکرا دەربڕن و پارێزگاری لە داب و نەریتەمانیان بکەن و لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا بایەخیان پێبدرێت و چارەسەری یاسایی و مافەکانی مرۆڤیان بۆ بکرێت، لە ئێستاکە لە هەرێمی کوردستان و بەشەکانی تری کوردستان و تاراوگە نیشتەجێن.

**3-2. پێناسەی جینۆساید**

جینۆساید بریتیە لە پرۆسەی لەناوبردن، گرتن، کوشتن، ڕاگواستن و بە کۆیلەکردنی گروپ و تاقم و دەستە و هەڵگرانی ئایین یاخود نەتەوەیەکی دیاریکراو، دەکرێت بەشێوەی ڕاستەوخۆ و خێرا بکوژرێن یان لە ڕێگەی لەناوبردنی ئاسایشی خۆراك و ژێرخانی ئابووری و لەناوبردنی زمان و کلتورەکەیان بە پلانێکی درێژخایەن ناسنامەیان ڕەشبکرێتەوە (Lemkin, 1944, 79).

لە پێناسەیەکی تردا هاتووە، بریتیە لە ئەنجامدانی کوشتنی بە کۆمەڵ، بە کۆیلەکردن، ڕاگواستن، هەروەها هەرکردەیەکی نامرۆڤانە دژی هاووڵاتیان یاخود گروپێکی ئایینی دیاریکراو و قەدەغەکردن و ڕێگەپێنەدان بە بەکارهێنانی زمان و پیادەنەکردنی کلتوری گروپ و نەتەوەیەکی دیاریکراو لە ڕێگای هێز و توندو تیژی یاخود بەکارهێنانی یاسا دژیان (Andropoulos, 1997, 2)، شارەزا و پسپۆڕێکی کوردیش وا پێناسەی دەکات، جینۆساید تاوانێکی دڕندانەیە لە دژی مرۆڤایەتی و پرەنسیپە سەرەکییەکانی یاسای نێودەوڵەتان پێشێل دەکات و هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەکات (گوڵ، 2007، 25).

هەموو ئەم پێناسانە دەکرێت لەم پێناسەیەدا کورتبکەینەوە، جینۆساید بریتییە لە کردارێکی ئەنجامدراو بۆ لەناوبردنی تەواو یان بەشێکی

بەرچاو لە گرووپێکی نەتەوەیی، ئێتنیکی، نەژادی، یان ئایینی. ئەمەش لە ڕێگەی کوشتن بێت بە هەموو شێوازەکانی کوشتن، یاخود دەکرێت کوشتنی تێدا نەبێت و زیان بگەیەنرێت بە جەستە یان دەروونی، گرووپەکان یان بەزۆر سەپاندنی هەلومەرجی ژیان بۆ ژیان کردنیان یاخود ڕێگریکردن بەهەر جۆرێك بێت بۆ لەدایکبوون و زیادبوونی ئەندامانی گروپەکە.

**3-3. تاوانەکانی جینۆساید بەرانبەر ئێزیدییەکان**

بە درێژایی ئەم مێژووە تا دەگات بە ڕۆژگاری ئەمڕۆ ئێزیدییەکان چەندین جار ڕووبەڕووی هەڕەشە و لەناوبرن بونەتەوە، بەشێك لە سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن، (74) جار و بەشێکی تریشیان دەڵێن لە (100) زیاتر و لەسەرچاوە ئێزیدییەکانیش زیاتر لە (200) جار هاتووە، بە خوێندنەوە و وردبونەوە بۆ سەرچاوەکان، بەدواداچوونی ورد بۆ سەرچاوە مێژوویی، ئایینی، یاسایی و ڕاگەیاندن بۆمان دەرکەوتووە ئێزیدییەکان (131) ڕووبەڕووی جینۆساید یان هێرشیان کراوەتە سەر بەبیانووی جۆراو جۆر.

ئەگەرچی بەشێك لەسەرچاوەکان ڕووداوی بچووك بچووکیان بە جینۆساید ئەژمارکردووە، بەڵام لە خوێندنەوەی ورد بۆیان دەردەکەوێت، ئەمانە تەنها ڕووداوی بچووك یان کێشەی بچووك بوونەوە و ناچنە ناو ئەم چوارچێوەی جینۆساید، بەشێکیشیان دووبارەبونەوەیان پێوە دیاربووە ئەویش بەهۆی گۆڕینی سالی کۆچی بۆ سالی زایینی.

بەپێی سەرچاوە مێژوویەکان لەسەردەمی پەیدابوونی ئایینی ئیسلام، بەهۆی هەندێك نەریت و خووڕەوشتی ئایینی نوێی تر، جیاواز بووە لە نەریتەکانی پێشخۆی، بەناوی خەباتی ئایینی و بەبیانووی لادەربونی ئێزیدییەکان لەسەردەمی خەلافەتی ئیسلامیدا هێرشیان کراوەتە سەریان بۆ ئەوەی ببن بە موسلمان، لە ئەنجامی ئەم هێرشانەوە سنووریان کشاوەتەوە و چۆتەوە یەك، ناوچەی جوگرافیان بچووك بۆتەوە و زۆریان وازیان لە باوەڕی خۆیان هێناوە و بونەتە موسلمان (زەند، 1971، 29)، بەلای ئێمەوە ئەرکێکی قورس بوو، چونکە سەرچاوە مێژوییە جۆراوجۆرەکان هەریەکەی بەجۆرێك لە جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان لەم سەردەمە دەڕوانن، چونکە بەشێکیان لەو بڕوایەدان ئێزیدییەکان لەم سەردەمەدا بوونیان هەر نەبووە، چۆن چۆنی جینۆساید کراون، لەبەرامبەر ئەمەدا بۆچونی جیاواز دەبینین، ئێزیدییەکان لەم سەردەمەدا لەلایەن کەسانی دیار و بەپێی دیاریکردنی ساڵەکەشیاندا (11) جار جینۆساید کراون (جیجو, 2010, 236-237؛ فەتاح، 2004، 155؛ طقوش, 2011، 21-22؛ الختاري, 2010, 43-72).

لە سەردەمی میرنشینە کوردییەکان ئێزیدییەکان (11) جار ڕووبەڕووی هێرش و پەلاماردان بوونەتەوە، دوابەدوای خەلافەتی ئیسلامی بوون بە یەکەم هێزی ناوخۆیی هێرشیان کردۆتە سەر ئێزیدییەکان (حوزنی، 2007، 46-52؛ قەفتان، 1985، ٥١ و ٥٥؛ الختاري, 2010, 57).

مەغۆلەکانیش لەماوەی فەرمانڕەوایی خۆیان لە ناوچەکەدا هەوڵی لەناوبردنی ئێزیدییەکانیان داوە، بۆ ئەم مەبەستە (3) جار هێرشیان کردۆتە سەر ئێزیدییەکان (الدملوجي, 1949, 60).

لەسەردەستی جەلائیرییەکان یەکجار ئێزیدییەکان ڕووبەڕووی جینۆسایدکردن بونەتەوە (الختاري, 2010, 72-73).

فەقێکانی ئێرانیش هێرشیانکردۆتە سەر ئێزیدییەکان، ئەگەرچی ئێزیدییەکان هێزێکی زۆریان بۆ وەڵامدانەوە کۆکردبویەوە، بەڵام نەیانتوانی ڕێگریان لێ بکەن، لەم هێرشەدا جگە لە کوشتنی چەندین ئێزیدی، مەزارگەی شێخ ئادیان وێرانکرد و سوتاندیان (جیجو, 2010, 237).

بەشێکی زۆری ئەو سەرچاوانەی، کە باسیان لە سەردەمی حوکمڕانی عوسمانی کرووە لە عێراقدا و لە جینۆسایدیکردنی ئێزیدییەکانی کۆڵیەوەتەوە، پشتڕاستی دەکەنەوە، کە گەلی کورد بە گشتی و کوردانی ئێزیدی بەتایبەتی بەدەستی سوڵتان، حاکمەکان، پارێزگارەکان و جەندرمەی عوسمانی یاخود ئەوانەی، کە بەناوی ئەوانەوە حوکمڕانییان لە عێراقدا کردووە، بە درێژایی مانەوەیان لە عێراقدا بەبیانووی جۆراوجۆر زیانێکی زۆریان لە ئێزیدییەکان داوە (حبیب, 2003, 83), بەپێی ئەم سەرچاوانەش دەردەکەوێت، لەسەردەی عوسمانییەکاندا ئێزیدییەکان زۆرترین جار هێرشیان کراوەتە سەر و (64) جار بەتەنها جگە لە پشتیوانی کورد هەوڵی لەناوبردنیان دراوە (عەلیاوەیی، 2004، 80-82؛ عومەر 1، 2018، 32-675؛ العزاوی، 1935، 118-129؛ محو، 2012، 49-73).

لەسەردەی سەفەویەکاندا ئێزیدییەکان (4) جار بەتەنها جگە لە پشتیوانی کورد هەوڵی لەناوبردنیان دراوە(نێروەیی، 2010، ٨٦؛ یاسین، 2004، 196).

جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان لەلایەن داگیرکەران بە پشتیوانی میرنشین و هۆزە کوردەکان بەردەوامی هەبووە، بۆئەوەی ئێزیدییەکان لەناوببردرێن یاخود لاواز بکرێن، ئەوانەی دژی ئێزیدییەکان وەستاونەتەوە هەوڵیانداوە جگە لە خۆیان بە هاوبەشی لەگەل ئەو هێزانەی لەناوچەکەدا بوونیان هەبووە هێرشیان بکەنە سەر، سەفەوییەکان و عوسمانییەکان جگە لەوەی هەریەکەیان بەتەنها هەوڵی لەناوبردنی ئێزیدییەکانیان داوە، هەوڵیشیان داوە سوود لە میرنشین و هۆزە کوردییەکانیش ببین و هێرش بکەنە سەریان لەو هێرشانەدا سەفەوییەکان و عوسمانییەکان (12) جار بە پشتیوانی کورد هەوڵی لەناوبردنی ئێزیدییەکانیان دراوە" سەفەوییەکان (2) جار و عوسمانییەکانیش (10) جار بووە. (ئەمین، 2005، 538؛ العزاوي, 1954, مج./ 6، 29؛ عومەر 1، ٢٠١٨، 46-56؛ الدملوجي, 1949, ص. 488-495، فرحان، 2004, 35، 41-45 و 64-66).

هۆزە عەرەبەکانی ناوچەکە هاوشانی ئەو هێزانەی لەناوچەکەدا بوونیان هەبووە، بەتایبەتیش لە ئێزیدیدییەکان نزیك بوونە هێرشیانکردۆتە سەریان و (3) جار هەوڵی لەناوبردنیان دراوە، لەم هێرشانەدا (11) میری ئێزیدی کوژراون (العزاوی، 1935، 121-126؛ جیجو, 2010, 248).

لە سەردەمی دەوڵەتی عێراقدا لە نێوان ساڵانی 1925 تاکو 1988 ئێزیدییەکان (11) جار جینۆسایدکراون، لە بەشێکیاندا فرۆکە بەکارهاتووە و ژمارەیەکی زۆر هاووڵاتی کوژران، هەروەها گوندەکانیان چۆڵکراون و ئێزیدییەکان بۆ باشووری عێراق ڕاگوێزران و عەرەبیان تیادا نیشتەجێکراوە و دیمۆگرافیای ناوچەکەیان گۆڕیووە، ئەمە جگە لەوەی بەشێکی زۆری گوندەکانیان بۆردومانکراون و سووتێنراون (جامباز،

2006, 206؛ جامباز، 2008, 18-31؛ الدرة، 1966، 89-90، 190-191؛ فرحان، 2008, 79-83).
کۆتاجاریش لەسەردەمی گروپە توندڕەوەکاندا (2) جار لەلایەن ڕێکخراوی (القاعیدە) و داعش ڕووبەڕووی لەناوبردن بوونەتەوە، هەردوو جارەکەش کاریگەریی و کاردانەوەی گەورەی هەبووە، جگە لەوەی هێرشەکان زۆر گەورە و کاریگەربوون، لەهەمانکاتدا لە سەردەمێکدا بووە، بەراورد بە سەردەمەکانی تر ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی و تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی، بوونیان هەبووە و گەشەی خێرایان کردبوو چرکە بە چرکە هاووڵاتیان لەسەرانسەری جیهان ئاگاداری ڕووداوەکان دەبوون. (جندي, 2008, 258-259؛ عومەر 1، ٢٠١٨، ل. 80-81؛ هەنارەیی، 2016، 29-30؛ عومەر 2، ٢٠١٨، 45-46).
بەگەڕانەوەی بە مێژووی ئێزیدییەکان و وردبونەوەی زیاتر لە سەرچاوەکان ڕەنگە ئەوە بۆ توێژەرانی دوای ئێمە دەرکەوێت، ژمارەی جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان گۆڕانکاری بەسەردا بێت و ژمارەکە لەوەش زیاتر بێت.

**4. ڕاپێوینامە:**

توێژەر بۆ دیاریکردنی ڕۆڵی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە ناساندنی تاوانەکانی جینۆساید بەرامبەر ئێزیدییەکان لە باشووری کوردستاندا، پشتی بە میتۆدی وەصفی بەستووە، بە ئامانجی خستنە ڕووی ئاستی بایەخپێدان و شێوازی کارکردنی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، تیایدا ڕێکاری ڕاپێوی بەکارهێنراوە.

**1-4. زانیارییە دیمۆگرافییەکان**

**1-1-4. ڕەگەزی مشتی توێژینەوەکە: بەپێی زانیارییەکانی** خشتەی (2)دا دەردەکەوێت، ژمارەی ڕەگەزی (نێر) پلەی یەکەمی گرتووە و ڕەگەزی (مێ) لە پلەی دووەمدایە، جیاوازییەکە زۆرە، ڕەنگە ئەم جیاوازیەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە: لەکاتی پەیوەندیکردن بۆ پڕکردنەوەی فۆرمەکە، هەروەك توێژەر تێبینیکردووە کەمتر مامۆستایانی ڕەگەزی مێ وەڵامی پەیوەندییەکانیان دەدایەوە.

**2-1-4. تەمەنی مشتی توێژینەوەکە:** بەپێی ئەو ئەنجامانەی بەردەستکەوتوون، تەمەنی زۆرینەی مشتی توێژینەوەکە لەنێوان (41 ساڵ بۆ 45 ساڵ)ە، پلەی یەکەمیان لە ریزبەندییەکەدا گرتووە هەروەها تەمەنەکانی ( 36 ساڵ بۆ 40 ساڵ) پلەی دووەمی گرتووە، کەمترین ژمارەی مشتی توێژینەوەکە لە تەمەنی (26 ساڵ بۆ 30 ساڵ)ی دایە، کۆتا پلەی گرتووە و لە پلەی هەشتەم دایە، ئەم ژمارانە ئەوە دەردەخەن بەشی زۆری مشتی توێژینەوەکە لە نێوان تەمەنی (36) ساڵ بۆ (45) ساڵی دایە، بەمانای بەشی زۆری مامۆستایان لە تەمەنی گەنجیدان.

**3-1-4. پلەی زانستی مشتی توێژینەوەکە:** هەر لە خشتەکەدا دەردەکەوێت، کە پلەی زانستی مشتی توێژینەوەکە، مامۆستای یاریدەدەر لە پلەی یەکەمدا دێت، پلەی زانستی پرۆفیسۆریش ریزبەندی چوارەم و کۆتایی گرتووە.

خشتەی (2): زانیارییە دیمۆگرافییەکانی مشتی توێژینەوەکە

| گۆڕاو | بژاردە | دووبارە | ٪ | ڕێزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 124 | 61.1 | یەکەم |
| | مێ | 79 | 38.9 | دووەم |
| تەمەن | 26 ساڵ بۆ 30 ساڵ | 2 | 1 | هەشتەم |
| | 31 ساڵ بۆ 35 ساڵ | 20 | 9.9 | پێنجەم |
| | 36 ساڵ بۆ 40 ساڵ | 43 | 21.2 | دووەم |
| | 41 ساڵ بۆ 45 ساڵ | 60 | 29.6 | یەکەم |
| | 46 ساڵ بۆ 50 ساڵ | 36 | 17.7 | سێیەم |
| | 51 ساڵ بۆ 55 ساڵ | 25 | 12.3 | چوارەم |
| | 56 ساڵ بۆ 60 ساڵ | 8 | 3.9 | حەوتەم |
| | 61 ساڵ زیاتر | 9 | 4.4 | شەشەم |
| پلەی زانستی | مامۆستای یاریدەدەر | 67 | 33.1 | یەکەم |
| | مامۆستا | 62 | 30.5 | دووەم |
| | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | 48 | 23.6 | سێیەم |
| | پرۆفیسۆر | 26 | 12.8 | چوارەم |
| کۆی گشتی | | 203 | 100 | |

**2-4. پەیوەندی مشتی توێژینەوە بە پرسە گشتییەکان**

**ئەو ئامرازانەی مشتی توێژینەوەکە زانیاریی لێوەردەگرن لەبواری جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان:**

لە وەڵامەکانی خشتەی (4)دا دەردەکەوێت کە سەکۆکانی سۆشیال میدیا لە پلەی یەکەمدا دێن، زۆرینەی مشتی توێژینەوەکە لەم ڕێگایەوە زانیاری وەردەگرن، ڕەنگە ئەمەش بەهۆی ئەوەوە بێت، لە ئیستادا زۆربەی بەکارهێنەران تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنن و زۆرترین زانیاری لەم ڕێگایەوە وەردەگرن، دواتر تەلەفزیۆن ئینجا ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی دێت، لە ریزبەندییەکەدا گۆڤار و ڕۆژنامەی چاپکراو دێن، مشتی توێژینەوەکە زانیاری کەمی لێوەردەگرن، ڕەنگە ئەمەش بەهۆی ئەوەوە بێت، بەشێك لە وەرگران نەتوانن چاوەڕوانی دەرچوونی

گۆڤار یان ڕۆژنامە بکەن، بەهۆی گۆڕانکارییە خێراکان و بوونی ئینتەرنێت و دەســـتراگەیشـــتنیان بە زانیاری نوێ لە ڕێگەی ترەوە بایەخیان کەمتر بێت بۆیان، کەمترین بایەخشیان بۆ ڕادیۆ هەیە، کۆتا ڕیزبەندی گرتووە، ئەم ئەنجامانە بەلای ئێمەوە جێگەی بایەخن، چونکە ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکانیش لە ڕێگەی دانانەوەی لینکەکان جارێکیتر لە سۆشیال میدیادا بڵاودەکرێنەوە، لەم ڕێگەیەوە زانیاری بە مشتی توێژینەوەکە دەدەن.

| خشتەی (4): ئەو ئامرازانەی مشتی توێژینەوەکە زانیاریی لێوەردەگرن لەبواری جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان | | | |
|---|---|---|---|
| هۆکارەکانی ڕاگەیاندن | دووبارە | ٪ | ڕیزبەندی |
| ڕۆژنامەی چاپکراو | 20 | 4.5 | شەشەم |
| گۆڤار | 25 | 5.7 | پێنجەم |
| ڕادیۆ | 16 | 3.6 | حەوتەم |
| تەلەڤزیۆن | 99 | 22.5 | دووەم |
| ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنییەکان | 80 | 18.2 | سێیەم |
| سۆشیاڵ میدیا | 153 | 34.8 | یەکەم |
| کۆڕوکۆبوونەوە کۆمەڵایەتییەکان | 47 | 10.7 | چوارەم |
| کۆی گشتی | 440 | 100 | |

**3-4. ڕۆڵی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە ناساندنی جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان**

**1-3-4. بڵاوکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە جینۆسایدی ئێزیدییەکان لەلایەن ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان:**

لە ئەنجامی پرسیاری (ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان زانیاری پێویستیان سەبارەت بە پرۆسەی جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان بڵاوکردۆتەوە؟) دەردەکەوێت (لەگەڵیدام) پلەی یەکەمی گرتووە، بەرزترین ڕێژەیە، ئەم وەڵامە ئەمە دەردەخات، ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان بایەخیان بۆ جینۆسایدی ئێزیدییەکان هەبووە و زانیاری پێویستیان لەسەر ئێزیدییەکان بڵاوکردتەوە، هەر لە وەڵامەکدا (بەتەواوی لەگەڵیدانیم) پلەی پێنجەم و کۆتایی گرتووە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانەی خشتەی (5).

| خشتەی (5): بڵاوکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە جینۆسایدی ئێزیدییەکان لەلایەن ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان | | | |
|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | دووبارە | ٪ | ڕێزبەندی |
| بە تەواوی لەگەڵیدام | 14 | 6.9 | چوارەم |
| لەگەڵیدام | 76 | 37.4 | یەکەم |
| نازانم (دڵنیانیم) | 53 | 26.1 | سێیەم |
| لەگەڵیدا نیم | 56 | 27.6 | دووەم |
| بە تەواوی لەگەڵیدا نیم | 4 | 2 | پێنجەم |
| کۆی گشتی | 203 | 100 | |

**2-3-4. ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان و ڕونکردنەوەی هۆکارەکانی جینۆسایدی ئێزیدییەکان:**

بۆ پرسیاری (ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان هۆکارەکانی پشت جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکانیان ڕوون نەکردۆتەوە) دەردەکەویت، (لەگەڵیدام) پلەی یەکەمی گرتووە، بەرزترین ڕێژەیە، ئەمەش ئەوە دەرەخات، ڕۆژنامە ئەلیکترۆنیەکان بەمەبەست یان بێمەبەست بنکۆڵکاریان نەکردووە بۆ ئەوەی گرنگرتین ئەو هۆکارانە دیاریبکەن، بونەتە هۆکاری جینۆسایدیکردنی ئێزیدییەکان و تەنها هەواڵ و زانیارییەکانیان گواستۆتەوە، (بەتەواوی لەگەڵیدانیم) پلەی چوارەم و کۆتایی گرتووە، ڕێژەکەی کەمە و لەگەڵ (لەگەڵیدانیم) ئەوان پێیان وایە ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان هۆکارەکانیان دیاریکردووە، ڕەنگە ئەمە جیاوازییە ئەوە دەربخات، بەشێك لە ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان هۆکارەکانیان دیاریکردووە، بەڵام ژمارەیان کەم بووە بەراورد بەو ڕۆژنامانەی هۆکارەمانیان دیارینەکردووە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانەی خشتەی (6).

| خشتەی (6): ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان و ڕونکردنەوەی هۆکارەکانی جینۆسایدی ئێزیدییەکان | | | |
|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | دووبارە | ٪ | ڕێزبەندی |
| بە تەواوی لەگەڵیدام | 29 | 14.3 | سێیەم |
| لەگەڵیدام | 74 | 36.4 | یەکەم |
| نازانم (دڵنیانیم) | 46 | 22.7 | دووەم/ د |
| لەگەڵیدا نیم | 46 | 22.7 | دووەم/ د |
| بە تەواوی لەگەڵیدا نیم | 8 | 3.9 | چوارەم |
| **کۆی گشتی** | **203** | **100** | |

**4-3-3. ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان و بەجیهانی ناساندنی جینۆسایدی ئێزیدییەکان:**

لە ئەنجامی پرسیاری (ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان هۆکار و هاوکار بوون بۆ بەجیهانی ناساندنی جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان) دەردەکەویت، (لەگەڵیدام) پلەی یەکەمی گرتووە، بەرزترین ڕێژەیە، ئەم ڕێژەیە ئەوە دەردەخات، بەهۆی بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆ بەتایبەتی لەلایەن بەشێك لە ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان، هەروەها بڵاوکرنەوەیان بەچەند زمانێك یارمەتیدەر بوون بۆ ئەوەی جینۆسایدی ئێزیدییەکان بە جیهان بناسێنن، (بەتەواوی لەگەڵیدانیم) پلەی پێنجەمی گرتووە و کەمترین ڕێژەیە و بەهاوبەشی لەگەڵ (لەگەڵیدانیم)، پلەی دووەمی گرتووە، ئەمە ئەوە دەردەخات، بەشێك لە مشتی توێژینەوەکە بۆچوونی یەکەم ڕەتدەکەن و نەیانتوانیووە و ئەم ئەرکە جێبەجێ بکەن و جینۆسیادی ئێزیدییەکان بە جیهان بناسێنن، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا بەشی زۆرینە لەگەڵ بۆچوونی یەکەمدان، هەروەها بەشێکیشان پلەی سێیەمی گرتووە (دڵنیانەبوون)ی خۆیان دەربڕیووە و زانیاریان لەسەر ئەم پرسیارە نییە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانەی خشتەی (7).

| خشتەی (7): ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان و بەجیهانی ناساندنی جینۆسایدی ئێزیدییەکان | | | |
|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | دووبارە | ٪ | ڕێزبەندی |
| بە تەواوی لەگەڵیدام | 16 | 7.9 | چوارەم |
| لەگەڵیدام | 81 | 39.9 | یەکەم |
| نازانم (دڵنیانیم) | 47 | 23.2 | سێیەم |
| لەگەڵیدا نیم | 51 | 25.1 | دووەم |
| بە تەواوی لەگەڵیدا نیم | 8 | 3.9 | پێنجەم |
| **کۆی گشتی** | **203** | **100** | |

**4-3-4. ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان و جوڵاندنی ڕایگشتی لەسەر جینۆساید ئێزیدییەکان:**

بۆ پرسیاری (ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان هەوڵیانداوە ڕایگشتی سەبارەتە بە جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان پێکبهێنن) دەردەکەویت، (لەگەڵیدام) پلەی یەکەمی گرتووە، ریژەیەکی بەرزی هەیە، بەرزی ئەم ڕێژەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ڕەنگە بەهۆی هەستیاری بابەتەکە و لەناوبرنی مرۆڤی بێتاوان، بەتایبەتی ژن و مدناڵ و ڕفاندنی کچانی ئێزیدی، هەروەها بایەخدانی بەشێکی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان لەسەرەتای تاوانی جینۆسایدی ئێزیدییەکان بەبڵاوکردنەوەی دەنگ و ڕەنگی ئێزیدییەکان و چوونیان بۆ شاخ و ئاواربوونیان بوونەتە هۆکاری ئەوەی ڕایگشتی لەسەر ئەم تاوانە درووست ببێت، ئەگەرچی دین و بیروباوەڕیشان یەك نەگرێتەوە لەگەڵ بەشێك لە مرۆڤەکان، (بەتەواوی لەگەڵیدانیم) پلەی پێنجەمی گرتووە و کەمترین ڕێژەیە، لەو بڕوایەدان نەیانتوانیووە ڕایگشتی دروووست بکەن، هەروەها (لەگەڵیدا نم) پەلی دووەمی گرتووە ئەوانیش لەم بڕوایەدا، کەنەیانتوانیووە ئەم رکە جێبەجێ بکەن، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانەی خشتەی (8).

| خشتەی (8): ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان و جوڵاندنی ڕایگشتی لەسەر جینۆساید ئێزیدییەکان | | | |
|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | دووبارە | ٪ | ڕێزبەندی |
| بە تەواوی لەگەڵیدام | 9 | 4.4 | چوارەم |
| لەگەڵیدام | 85 | 41.9 | یەکەم |
| نازانم (دڵنیانیم) | 39 | 19.2 | سێیەم |
| لەگەڵیدا نیم | 64 | 31.5 | دووەم |
| بە تەواوی لەگەڵیدا نیم | 6 | 3 | پێنجەم |
| کۆی گشتی | 203 | 100 | |

**4-3-5. ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بەبەڵگەکردنی جینۆسایدی ئێزیدییەکان:**

بۆ پرسیاری (سەرباری ئەو تایبەتمەندییە زۆرانەی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان هەیانە، نەیانتوانیوە جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان بکەنە بەڵگە و دۆکۆمێنت بەشێوازی ئۆنلاین پارێزگاری لێبکەن) دەردەکەویت، (لەگەڵیدام) پلەی یەکەمی گرتووە، ڕەنگە ئەمەش بەهۆی ئەوەوە بێت مشتی توێژینەوەکە و توێژەر خۆشی بەدوای چەندین زانیاری گەڕاوە، دوای ئەوەی دەچیە سەر بابەتەکە دەردەکەوێت لەناو ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە بوونی نییە و نەماوە، یاخود بەشێك لە ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان داخراون بەهەر هۆکارێك بێت، یاخود لەگەڵ نوێکردنەوەیاندا بەشێك لە ئەرشیفەکەیان یاخود هەموویان لەدەستدابێت، (بەتەواوی لەگەڵیدانیم) کۆتا ڕیزبەندی گرتووە و ژمارەیان کەمە، ئەوەی جێگەی سەرنجە بەشێك لە وەڵامەکان، پلەی دووەمی گرتووە (دڵنیانین) و نازانن و وەڵامیان بۆ ئەم بەراوردە نییە، بۆ ئەوەی دڵنیابن یاخود نا، بەبڕوای ئێمە وەڵامی ئەم پرسیارە ڕوونە و دەبوایە ڕێژەکە بەم شێوەیە بەرز نەبوایە، مشتی توێژینەوەکە ئەگەرەکانی تریان هەڵبژاردایە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانەی خشتەی (9).

| خشتەی (9): ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بەبەڵگەکردنی جینۆسایدی ئێزیدییەکان | | | |
|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | دووبارە | ٪ | ڕێزبەندی |
| بە تەواوی لەگەڵیدام | 26 | 12.8 | سێیەم/ د |
| لەگەڵیدام | 92 | 45.3 | یەکەم |
| نازانم (دڵنیانیم) | 56 | 27.6 | دووەم |
| لەگەڵیدا نیم | 26 | 12.8 | سێیەم/ د |
| بە تەواوی لەگەڵیدا نیم | 3 | 1.5 | چوارەم |
| کۆی گشتی | 203 | 100 | |

**4-3-6. ڕۆژنامە ئەلیکترۆنە کوردییەکان و ڕۆڵیان لە خستنەڕووی ڕاستییەکان وەکخۆی:**

لە ئەنجامی پرسیاری (ڕۆژنامە ئەلیکترۆنە کوردییەکان ڕۆڵیان نەبووە لە هاندانی ئێزیدییەکان بۆ ئەوەی چیرۆکی ڕووداوەکانی خۆیان بێ پەردە بگێڕنەوە و نەکەونە ژێر ڕکێفی داب و نەریتەکانیان) دەردەکەویت، (لەگەڵیدام) پلەی یەکەمی گرتووە، ئەمەش ئەوە دەردەخات ڕەنگە بەشێك لە ئێزیدییەکان ئامادەنەبووبن بەشێك لە زانیارییەکان بخەنەڕوو، هاوکات دژ بە داب و نەریتی خۆیانە، هەروەها بەشێك لە ڕۆژنامەکانیش زیاتر لە چیرۆکەکان فوڵنەبووبنەوە و زیاتر وەك بابەتێکی ئاسایی سەیری جینۆسایدی ئێزیدییەکانیان کردووە، ڕەنگە هەرخۆشیان شارەزای داب و نەریتی ئێزیدییەکان بەتەواوی نەبووبن، (بەتەواوی لەگەڵیدانیم) ڕیزبەندی پێنجەمی گرتووە، ڕێژەیەکی یەکجار کەمە و لەو بڕوایەدا ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان ڕۆڵیان هەبووە لەوەی ئێزیدییەکان بێپەردە چیرۆکەکانی خۆیان بگێڕنەوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانەی خشتەی (10).

| خشتەی (10): ڕۆژنامە ئەلیکترۆنە کوردییەکان و ڕۆڵیان لە خستنەڕووی ڕاستییەکان وەکخۆی | | | |
|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | دووبارە | ٪ | ڕێزبەندی |
| بە تەواوی لەگەڵیدام | 27 | 13.3 | چوارەم |
| لەگەڵیدام | 84 | 41.4 | یەکەم |
| نازانم (دڵنیانیم) | 53 | 26.1 | دووەم |
| لەگەڵیدا نیم | 37 | 18.2 | سێیەم |
| بە تەواوی لەگەڵیدا نیم | 2 | 1 | پێنجەم |
| کۆی گشتی | 203 | 100 | |

**4-3-7. ئامادەبوونی مەیدانی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنە کوردییەکان لە ڕوماڵی جینۆسایدی ئێزیدییەکان:**

بۆ پرسیاری (پەیامنێر و نێردراوانی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنە کوردییەکان توانیویانە لە شوێن و نزیك لە گۆڕەپانی تاوانەکان بن و دیمەنەکان بگوازنەوە) دەردەکەویت، (لەگەڵیدام) پلەی یەکەمی گرتووە، ڕەنگە ئەمە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، بەشێك لەم نێردراوانە بە تایبەتی لەسەرەتای جینۆسایدی ئێزیدییەکان بوونەتە قوربانی وگیانیان لەدەستداوە یاخود بریندرابوونە و تاکو ئیستاکە بە ئازارەوە ژیان دەکەن یاخود بێسەرشوێنن، (بە تەواوی لەگەڵیدام) ڕیزبەندی پێنجەمی گرتووە، کەهەمان وەڵامیان بۆ بەرزترین ڕێژە هەیە، لەبەرانبەر ئەم ژمارانەدا لە پلەی دووەم بەشێك لە مشتی توێژینەوەکە دڵنیایان نیشان نەداوە و لە پلەی سێیەمیدا بەشێکیان لەو بڕوایەدا نێردراوانی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان نەیانتوانیووە لە گۆڕەپانەکانی تاوان بەشداربن، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانەی خشتەی (11).

| خشتەی (11): ئامادەبوونی مەیدانی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنە کوردییەکان لە ڕوماڵی جینۆسایدی ئێزیدییەکان | | | |
|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | دووبارە | ٪ | ڕێزبەندی |
| بە تەواوی لەگەڵیدام | 6 | 3 | چوارەم |
| لەگەڵیدام | 73 | 35.9 | یەکەم |
| نازانم (دڵنیانیم) | 59 | 29.1 | دووەم |
| لەگەڵیدا نیم | 55 | 27.1 | سێیەم |
| بە تەواوی لەگەڵیدا نیم | 10 | 4.9 | پێنجەم |
| کۆی گشتی | 203 | 100 | |

**8-3-4. ڕۆژنامە ئەلیکترۆنە کوردییەکان و نیشاندانی باری دەروونی قوربانیانی جینۆسایدی ئێزیدییەکان:**

بۆ پرسیاری (ڕۆژنامە ئەلیکترۆنە کوردییەکان نەیانتوانیوە ڕۆماڵی بارودۆخی دەروونی ڕزگاربوانی کارەساتی جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان بکەن) دەردەکەویت، (لەگەڵیدام) پلەی یەکەمی گرتووە، ڕەنگە بەرزی ئەم ڕێژەیە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان تەنها بایەخیان بە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری چۆنیەتی جینۆسایدی ئێزیدییەکان داوە و زیاتر وردنەبونەتەوە لە بارودۆخی ئێزیدییەکان لە کاتی جینۆساید و دوای جینۆساید، تەنانەت ئێستاکەش بەشێکی زۆریان لە باری دەروونی خراپدان بەهۆی لەدەستدانی کەس و کاریان یاخود نەبوونی زانیاری لەسەر ونبونی سەدان ئێزیدی لەناویاندا کچانی ئێزیدی، (بە تەواوی لەگەڵیدام) ڕیزبەندی پێنجەمی گرتووە، ریژەکەی یەکجار کەمە و لەو بڕوایەدان ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان توانیاویانە گار لەسەر باری دەروونی قوربانیان بکەن، ژمارەکە یەکجار کەمە، بۆ زانیاری زیاتر بروانەی خشتەی (12).

| خشتەی (12): ڕۆژنامە ئەلیکترۆنە کوردییەکان و نیشاندانی باری دەروونی قوربانیانی جینۆسایدی ئێزیدییەکان | | | |
|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | دووبارە | ٪ | ڕێزبەندی |
| بە تەواوی لەگەڵیدام | 24 | 11.8 | چوارەم |
| لەگەڵیدام | 85 | 41.9 | یەکەم |
| نازانم (دڵنیانیم) | 43 | 21.2 | دووەم |
| لەگەڵیدا نیم | 50 | 24.6 | سێیەم |
| بە تەواوی لەگەڵیدا نیم | 1 | 0.5 | پێنجەم |
| کۆی گشتی | 203 | 100 | |

**9-3-4. ئاستی گرنگیدانی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بەناساندنی جینۆسایدی ئێزیدییەکانیان:**

لە ئەنجامی پرسیاری (ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان پرسی ناساندنی جینۆسایدی ئێزیدییەکانیان لە ئەرکە لە پێشینەییەکانی خۆیان دانەناوە)، دەردەکەویت (لەگەڵیدام) پلەی یەکەمی گرتووە، بەرزی ئەم ریژەیە ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان جینۆسایدی ئێزیدییەکانیان وەکو هەر ئەرکێکی تر سەیر کردووە، بەتایبەتی ئەو ڕوداو و پێشهاتانەی بەردەوام لە ناوچەکەدا بوونیان هەبووە و گۆڕانکاری بەردەوام لە ڕووی ڕامیاری و ئابووری لەناوچەکەدا بونیان هەبووە، ڕەنگە بەشێکیشی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە تەنها لە ساڵیادی جینۆسایدی ئێزیدییەکان بایەخیان بۆ ئەم پرسە هەبێت، (بە تەواوی لەگەڵیدام) لە کۆتا ڕیزبەند دێت و بە پێچەوانەوە وەڵامیان داوەتەوە و لەو بڕوایەدان جینۆسایدی ئێزیدییەکان لە ئەرکە پێشینەییەکانی خۆیان داناوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانەی خشتەی (13).

| خشتەی (13): ئاستی گرنگیدانی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بەناساندنی جینۆسایدی ئێزیدییەکانیان | | | |
|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | دووبارە | ٪ | ڕێزبەندی |
| بە تەواوی لەگەڵیدام | 23 | 11.3 | چوارەم |
| لەگەڵیدام | 85 | 41.8 | یەکەم |
| نازانم (دڵنیانیم) | 45 | 22.2 | دووەم |
| لەگەڵیدا نیم | 44 | 21.7 | سێیەم |
| بە تەواوی لەگەڵیدا نیم | 6 | 3 | پێنجەم |
| کۆی گشتی | 203 | 100 | |

**10-3-4. ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان و ڕەچاوی ئیتکی پیشەیی لە ڕوماڵی جینۆسایدی ئێزیدییەکاندا:**

لە ئەنجامی پرسیاری (لە ڕوماڵی جینۆسایدی ئێزیدییەکاندا وەکو پێویست ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان ڕەچاوی ئیتکی پیشەییان نەکردووە)، دەردەکەویت (لەگەڵیدام) بەرزترین ڕێژەی هەیە و لە پلەی یەکەمدا دێت، بەهەمان شێوەی وەڵامی پرسیاری پێشوو دێت، هەروەکچۆن ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان نەیانتوانیوەەبابەتیانە کار بکەن، بەهەمان شێوەش ڕەچاوی ئیتکی پیشەییان نەکردووە، تەنانەت بەشێك لە میدیاکان بەهۆی ئایدۆلۆژی حزبی ئەوەندەی تێبینی کراوە بایەخی کەمیان بۆ ئەم پرسە هەبووە، ئەگەر بوونیشان هەبوبێت، ئەوا تەنها لە ڕۆژانی سەرەتای جینۆسایدی ئێزیدییەکان بووە و دواتر بێدەنگیان هەڵبژاردووە، ڕەنگە بەشێکی پەیوەندی بەوە هەبێت، بەشێك لە ڕۆژنامەکان تێگەیشتنی قووڵیان بۆ جینۆساید نەبووبێت و :گرنگیان بە پاراستنی نهێنی قوربانییەکان و ڕوداوەکە نەدابێت، (بەتەواوی لەگەڵیدانیم) لە کۆتا ڕیزبەند دێت و بە پێچەوانە لێی دەڕوانن و ڕێژەکەی کەمە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانەی خشتەی (14).

| خشتەی (14): ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان و ڕەچاوی ئیتکی پیشەیی لە ڕوماڵی جینۆسایدی ئێزیدییەکاندا | | | |
|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | دووبارە | ٪ | ڕێزبەندی |
| بە تەواوی لەگەڵیدام | 26 | 12.8 | سێیەم |
| لەگەڵیدام | 95 | 46.8 | یەکەم |
| نازانم (دڵنیانیم) | 60 | 29.6 | دووەم |
| لەگەڵیدا نیم | 20 | 9.8 | چوارەم |
| بە تەواوی لەگەڵیدا نیم | 2 | 1 | پێنجەم |
| کۆی گشتی | 203 | 100 | |

**دەرئەنجام**

لە کۆتایی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە گەیشتن بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

1- زۆرینەی مشتی توێژینەوەکە بۆ وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بە جینۆسایدی ئێزیدییەکان سەکۆکانی سۆشیال میدیا وەك سەرچاوەی سەرەکی بەکاردهێنن، دواتر تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، ئەمە هەژمونی میدیای نوێ پیشان دەدات.

2- ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بە شێوەیەکی گشتی زانیاری پێویستیان لەسەر جینۆسایدی ئێزیدییەکان بڵاوکردۆتەوە و بایەخیان بۆ تاوانەکە هەبووە هەر ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی مشتی توێژینەوەکە گرنگیی زۆر بدەن بە ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان و وەك یەکێك لە سەرچاوەکانی زانیاری بەکاری بهێنن.

3- زۆربەی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان هۆکارەکانی پشت جینۆسایدی ئێزیدییەکانیان ڕوونەکردۆتەوە و تەنها هەواڵ و زانیارییەکانیان گواستۆتەوەوکەمتر بایەخیان بۆ بەدواداچوون و بنکۆڵکاری هەبووە.

4- ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بەشێکیان توانیویانە ڕایگشتی ناوخۆ سەبارەت بە جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان پێکبهێنن، لەسەرەتای تاوانەکەدا وێنە، ڤیدیۆی ئێزیدییەکانیان لەکاتی ئاوارەبوونیان وچونیان بۆ شاخ بڵاوکردتەوە

5- ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان ڕۆڵێکی کارایان نەبووە لە هاندانی ئێزیدییەکان بۆ ئەوەی چیرۆکی ڕووداوەکانی خۆیان بێپەردە بگێڕنەوە و نەکەونە ژێر ڕکێفی داب و نەریتەکانیان.

6- بەشێوەیەکی گشتی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان نەیانتوانیوە ڕۆماڵی بارودۆخی دەروونی ڕزگاربوانی کارەساتی جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان بکەن، تەنها بایەخیان بە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری چۆنیەتی جینۆسایدی ئێزیدییەکان داوە.

7- ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان پرسی ناساندنی جینۆسایدی ئێزیدییەکانیان لە ئەرکە لە پێشینەییەکانی خۆیان دانەناوە و وەکو هەر ئەرکێکی تر سەیرکردووە، سەرەڕای ئەو ڕوداو و پێشهاتانەی بەردەوام لە ناوچەکەدا بوونیان هەبووە.

8- ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بەدواداچوونیان بۆ بێسەروشوێنانی ئێزیدییەکان نەکردووە، تەنها ئەرکیان گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری بووە.

9- لە ڕوماڵی جینۆسایدی ئێزیدییەکاندا زۆربەی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان ڕەچاوی ئیتکی پیشەیی نەکردووە و هەندێکیان وتاری ڕق و قینە، هەروەها وێنە و ڤیدیۆی نەرێنیان بڵاوکردۆتەوە کە کاریگەریی نەرێنی و ترسی دروستکردووە، لەبری ئەوەی زانیاری بە هاووڵاتیانی خۆی بدات، بە دوژمنی داوە

**پێشنیاز**

دوابەدوای ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە و خستنەڕووی دەرەنجام توێژەر چەند پێشنیازێك دەخاتەڕوو:

1) توێژینەوەیەکی هاوشێوە ئەنجامبدرێت بە بەکارهێنانی ڕێبازی شیکاری ناوەڕۆک، بۆ پێوانەکردنی ئاستی بایەخدانی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی کوردی بە جینۆسایدی ئێزیدییەکان.

2) ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر (کاریگەریی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان لەسەر دەروونی قوربانیانی جینۆسایدی ئێزیدییەکان) بە بەکارهێنانی ڕێکار و ئامرازی جیاوازتر وەک فۆکەس گروپ.

3) ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر (کاریگەرییە نەرێنییەکانی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی کوردی لەکاتی جەنگدا)، تاکو لایەنە نەرێنییەکان دیاربکرێت، کە ئایا ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵ کاریان کردووە یاخود نا، لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی زانیارییەکانیانەوە خزمەتیان بە دوژمن کردووە یاخود نا، لەم توێژینەوەیە لەبەر کەمی مەودای کارکردن کاری لەسەر نەکراوە.

4) .توێژینەوەیەک لەسەر لەناوچوونی زانیارییەکان لە ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بکرێت، بەتایبەت بۆ پرسە گرنگ چارەنووسسازەکان، کە بەشێکی زۆری ڕۆژنامە ئەلیکتۆنییەکان ئەرشیفیان نییە، چی بکرێت بۆ میدیای نیشتمانیی یان حکومی بۆ بایەخدان بەم پرسانە.

**ڕاسپاردە**

لەسەر بنەمای ئەو دەرەنجامانەی توێژینەوەکە پێی گەیشتووە، توێژەر ڕاسپاردەی توێژینەوەکەی بەم شێوەیە ەخاتەڕوو:

1) ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بایەخێکی زیاتریان بە هەڵگرتن، ئەرشیفکردن و پاراستنی بابەتە میدیاییەکان بدەن، بەتایبەتی ئەوانەی ڕەهەندی نیشتمانییان هەیە و پەیوەستەن بە جینۆسایدی ئێزیدییەکان و ڕووداوە مێژووییەکانی گەلی کورد.

2) ڕۆژنامە ئەلیکترۆنە کوردییەکان زیاتر گرنگی بە پەیامنێری جەنگی بدەن و ئاگاداری ڕەوشی دەرونی و پاراستنی سەلامەتی خۆیان و ئەو کەسانە بن لەشوێنی ڕووداوەکاندا ڕووماڵیان لەسەر دەکەن.

لەبەر لاوازی پاراستن و دۆکۆمێنتکردنی ئۆنلاین لەلایەن ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان، پێویستە ناوەندێکی زانستی یان مۆزەخانەیەکی فەرمی لەلایەن حکومەتەوە دابمەزرێت بۆ کۆکردنەوە، پاراستن و ئەرشیفکردنی بەڵگە و زانیارییەکانی پەیوەست بە جینۆسایدی ئێزیدییەکان

**سەرچاوەکان**


**یەکەم: کتێبە کوردییەکان:**

1) حوزنی، حوسێن، 2007، *سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی*، کۆکردنەوە و لەچاپدانی دەزگای ئاراس، ب. دووەم، هەولێر، چاپخانەی دەزگای ئاراس.

2) زەند، کەریم (گەریدە)، 1971، *ئایین و باوەڕ لە کوردستان دا*، سلێمانی، چاپخانەی کامەرانی.

3) عومەر 1، د. سەروەر عەبدولڕەحمان، ٢٠١٨، *شەنگال لە بەردەم فەتوا ئایینییەکان و شاڵاوەکانی داگیرکاریدا (١٢٥٤-٢٠١٤) ز*، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم.

4) عومەر 2، د. سەروەر عەبدولڕەحمان، ٢٠١٨، *کۆمەڵکوژیی ئێزیدییەکان لە مێژوودا*، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم.

5) عەلیاوەیی، دکتۆر عەبدوڵلا، 2004، *کوردستان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی دا*، چ./2، هەولێر، کتێبخانەی ئاوێر.

6) فەتاح، شاکر، 2004، *سەرجەمی بەرهەمی*، کتێبی سێیەم، ڕێکخستن و لێکۆڵینەوەی ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

7) قەفتان، د. کاوس، 1985، *چەند لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی بابان.. سۆران.. بۆتان*، بەغدا، چاپخانەی الحوادث.

8) گوڵ، د. مارف عومەر، 2007، *جینۆسایدی گەلی کورد - لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا*، چ./4، هەولێر، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

9) نوسەرێکی نەناسراو، 2013، *دەربارەی کوردە ئێزیدیەکان، کۆنترین دەستنوس بەزمانێکی ئەوروپی لەسەر کورد*، بڵاوکردنەوەی بۆ یەکەمجار لەگەڵ پێشەکی پۆڵ پێردرێزی، وەرگێران و پێشەکی و پەراوێز د. هەڵکەوت حەکیم، هەولێر، چاپخانەی شەهاب.

10) نێروەیی، دکتۆر عەلی تەتەر، 2010، *کورد و مێژوو (چەند ڤەکۆلینەك ل دۆر مێژوویا نوی و هەڤچەرخا کورد و کوردستانێ*، ب./2، دهوك. چاپخانا سپیرێز.

11) هەنارەیی، ئیسماعیل، 2016، *تاقانەکانی جینۆساید لە کوردستان*، هەولێر، چاپخانەی ڕۆکسانا.

12) یاسین، باقر، 2004، *مێژووی خوێناوی عێراق، (رووداوەکان، هۆکارەکان و چارەسەرکردن)*، و./ حمەصلاح گەلاڵی، سلێمانی، چاپخانەی داناز.

13) ئیبراهیم، عەبدولخالق و رەحمان، ئەرسەلان، 2010، *کارامەییەکانی نووسین لە رۆژنامەگەری چاپکراو و ئەلیکترۆنیدا*، هەولێر، چاخانەی حاجی هاشم.

14) ئەلیوسف، مورشید، 2012، *دومۆزی مەلەك تاووس (لێکۆڵینەوەیەك لە رەگ و ریشەی ئایینی دێرینی کوردی*، و./ نەوزادی موهەندیس، سلێمانی، چاپخانەی شڤان.

15) ئەمین، نەوشیروان مستەفا، 2005، *کورد و عەجەم مێژوی سیاسیی کوردەکانی ئێران*، چ. 3، سلێمانی، چاپخانەی ڕوون.

**دووەم: کتێبە عەرەبیەکان:**

1) أبو أصبع, صالح خليل، 2005، استراتيجيات الاتصال وسياساته وتأثيراته, عمان، دار مجدلاوي للنشر والتوزيع.

2) اسماعيل، د. ابراهيم، 2014, الاعلام المعاصر, وسائله, مهاراته, تأثيراته, أخلاقياته, الدوحة – قطر, وزارة الثقافة والفنون والتراث.

3) أمين، د. رضا، 2015، الإعلام الجديد، القاهرة, دار الفجر للنشر والتوزيع.

4) البياتي, البرفسور ياس خضير, 2014, الاعلام الجديد الدولة الافتراضية الجديدة, عمان, دار البداية ناشرون وموزعون.

5) جامباز، المحامي طارق محمد سعيد, 2006, أماكن العبادة المدمرة للمسلمين و المسيحيين والايزيديين للفترة لما قبل عمليات الانفال (1988) امتدادا لما بعدها في كوردستان العراق, كوردستان، من مطبوعات المجلس الوطني لكوردستان- العراق.
6) جامباز، المحامي طارق. 2008, ضحايا عمليات الانفال 1988 من المسيحيين والايزديين، ط./ 3، كوردستان، مطبعة شهاب.
7) جندي, د. خليل, 2008, الايزيدية والامتحان الصعب، اربيل، دار ئاراس للطباعة والنشر.
8) جيجو, أمين فرحان, 2010, القومية الايزدية (جذورها, مقوماتها, معاناتها), بغداد, بدون المطبعة.
9) حبيب, كاظم. 2003, الأيزيدية ديانة قديمة تقاوم نوائب الزمن!, اربيل, مطبعة وزارة التربية.
10) حسن، جنار نامق، 2020، دور المواقع الالكترونية الكوردية في تشكيل الرأي العام حول انتهاك حقوق الايزيدية موقع (خندان و روداو) نموذجا, عمان, دار غيداء للنشر والتوزيع.
11) حسنين، الشفيع عمر، 2011، الصحافة الالكتروينة المفهوم والخصائص والانعكاسات، أبوظبي، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية.
12) الختاري, داود مراد, 2010, الحملات والفتاوى على الكورد الايزيديين في العهد العثماني 1513-1918، دهوك، مطبعة سپێرێز.
13) الدرة، محمود، 1966، القضية الكردية، ط./ 2، بيروت، منشورات دار الطليعة.
14) الدملوجي, صديق, 1949, اليزيدية، الموصل, مطبعة الاتحاد.
15) السمعاني، ابو سعد عبدالكريم بن محمد ابن محمد التميمي. 1988، الانساب، تقديم وتعليق: عبدالله عمر البارودي، ج./ 5, بيروت، دار الجنان.
16) شقرة، علي (أ.) خليل، 2014، الاعلام الجديد وشبكات التواصل الاجتماعي, الاردن- عمان، دار أسامة للنشر والتوزيع.
17) طقوش, د. محمد سهيل، 2011، مێژووی سەلجوقییەکان (470-704 کۆچی/ 1077-1304ز دەروازەیەك بۆ مێژووی عوسمانییەکان، و./ دەوەن حەسەن، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
18) العزاوى، المحامي عباس، 1935، تاريخ اليزيدية واصل عقيدتهم، بغداد، دار النشر طبع بمطبعة.
19) العزاوي, المحامي عباس. 1954, تاريخ العراق بين احتلالين، مج./ 6، بغداد، شركة التجارة والطباعة المحدود.
20) فرحان، دلشاد نعمان, 2008, معاناة الكورد الايزديين في ظل الحكومات العراقية 1921-2003، مراجعة وتقديم, د. عبدالفتاح علي البوتاني, دهوك, مطبعة جامعة دهوك.
21) فرحان، عدنان زيان, 2004, الكرد الايزديون في اقليم كردستان، السليمانية, منشورات مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية.
22) الفيصل, د. عبد الامير مويت, 2006, الصحافة الالكترونية في الوطن العربي, عمان, دار الشروق للنشر والتوزيع.
23) محو، ارشد حمد، 2012، الايزيديون في كتب الرحالة البريطانيين من مطلع القرن التاسع عشر الى نهاية الحرب العالمية الاولى, دهوك, مطبعة خاني.

سێیەم: کتێبە ئینگلیزییەکان:

1) Andropoulos, George J., 1997, *Genocide: Conceptual and Historical Dimensions*, Philadelphia, Pennsylvania, Published by University of Pennsylvania.
2) Kevin, Kawamoto, 2003, *Digital Journalism: Emerging Media and the Changing Horizons of Journalism*, New York, Rowman & Littlefield Publishers.
3) Lemkin, Raphaël, 1944, *Axis rule in occupied Europe: laws of occupation, analysis of government, proposals for redress, Washington*, published by: Garnegie endowment for international peace division of international law.

**چوارەم: توێژینەوە بە کوردی:**

*1) ئەحمەد، پ. ی. د. کارزان محەمەد، تەمووزی 2022، ڕەنگدانەوەی جینۆسـایدی کیمیابارانی هەڵەبجە لە ڕۆژنامەگەری ئێرانیدا ڕۆژنامەی (کیهان) نمونە، گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی JKSS، ژمارە تایبەت بە سێیەم کۆنفرانسی- زانستی نێودەوڵەتی سەنتەری پێشکچی بۆ لێکۆڵینەوەی مرۆڤایەتی، زانکۆی دهۆك، 30-31 مارتی 2022، ل. 15-40.*

***ب- توێژینەوە بەزمانی عەرەبی:***

*1) مسعودان, د, نسمة و غروبة, د. دليلة, 2018, الرهانات الصحافة الالكترونية مجلة العربية للعلوم الاجتماعية, المؤسسة الرعبية للاستشارات العلمية وتنمية الموارد البشرية، بنشر- الأبحاث العلمية وتطوير البحث العلمي في الوطن العربي, عدد (13), المجلد (1), 57-87.*

پێنجەم: **توێژینەوە بە ئینگلیزی:**

1) Güngör, Prof. Dr. Nazife, September 2019, *HOW DIGITAL ARE DIGITAL NEWSPAPERS?* Üsküdar Üniversitesi İletişim Fakültesi, İstanbul, P. 207-217.
2) Ibrahim, Asst.Prof. Dr. Habeeb, 2022, *Genocide against Yazidis in the coverage of German media outlets 2014 – 2021,* The Kurdisani Journal of Strategic Studies for Humanitarian Studies JKSS, A special

Number for the 3rd International Scientific Conference of the Beşikçi center for Humanity Studies, University of Duhok, March 30–31-2022, P. 655-667.

**دور الصحف الإلكترونية في التعريف الإبادة الجماعية للإيزيديين**

**الملخص**

يهدف هذا البحث إلى التعرف على دور ومستوى إسهام الصحافة الإلكترونية الكردية في التعريف بجرائم الإبادة الجماعية المرتكبة بحق الإيزيديين في إقليم كردستان، فضلا عن بيان مستوى المهنية الذي اتسمت به هذه الصحافة في تغطية جينوسايد الإيزيديين، والكشف عن الجهود التي بذلتها الصحف الإلكترونية الكردية في تكوين الرأي العام تجاه هذه الجريمة.

هذه الدراسة هي دراسة وصفية تستخدم استبيان المسح كأداة أساسية لجمع البيانات، وتم توزيعه إلكترونيا عبر (Google Form)، أجري المسح لاستكشاف وجهات نظر أساتذة جامعة السليمانية، وجامعة صلاح الدين - أربيل، وجامعة السليمانية التقنية، وجامعة أربيل التقنية. وبلغ العدد الإجمالي للمستجيبين (203) أستاذا جامعيا.

وتوصلت الدراسة إلى مجموعة من النتائج، أبرزها أن غالبية أفراد العينة يعتمدون على منصات التواصل الاجتماعي كمصدر رئيسي للحصول على المعلومات وزيادة الوعي بشأن جينوسايد الإيزيديين، تليها القنوات التلفزيونية، ثم الصحافة الإلكترونية الكردية. كما أظهرت النتائج أن الصحافة الإلكترونية الكردية، بشكل عام، قامت بنشر المعلومات الأساسية المتعلقة بعملية الإبادة الجماعية بحق الإيزيديين وأبدت اهتماماً بهذه الجريمة، إلا أن عدداً كبيراً منها لم يوضح الأسباب والخلفيات الكامنة وراء هذه الإبادة، واقتصر دورها في كثير من الأحيان على نقل الأخبار والمعلومات دون التعمق في تفاصيل القضية.

أن بعض الصحف الإلكترونية الكردية تحولت إلى أداة من أدوات الإعلام الجماهيري في التعريف بجينوسايد الإيزيديين، من خلال نشر الصور ومقاطع الفيديو، ولا سيما من قبل عدد منها، إضافة إلى النشر بعدة لغات، الأمر الذي أسهم في إيصال قضية الإيزيديين إلى الرأي العام العالمي. كما تمكنت بعض الصحف الإلكترونية الكردية من الإسهام في تشكيل الرأي العام المحلي تجاه جريمة الإبادة الجماعية المرتكبة بحق الإيزيديين.

**الكلمات المفتاحية:** الدور – الصحافة الإلكترونية– الإبادة الجماعية – الإيزيديون